



## سەڵاح محەمەد:
# باوکم دوا قوتابیی مەلای گەورە بووە.. لە خوێندنی سەرەتاییشدا، مامۆستاکانمان لەسەر شیرینکردنی شیعری کوردی هانیان دەداین.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٥)

* هونەرمەند سەڵاح محەمەد ئیبراهیم، کە لەناو خەڵکیدا بە سەڵاح محەمەد ناسراوە، منداڵانی کورد بە مام عەوڵا دەیناسن، کە بەهۆی کلیپەکانی بۆی کردوون ئەو نازناوەی وەرگرتووە. ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژێکی ڕوحسووک و لەبەر دڵانە، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئامادە بێ، دەبێتە گوڵی ئەو مەجلیسە و بە دەنگە خۆشەکەی کە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای دەڤەری کۆیەی پێوەیە و بەهۆی گۆرانییە ڕەسەنەکانی سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لەبەر ئەوەی زۆر شیعر و دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکانی خوێندووەتەوە، شیعری زۆر ناوازە و دەگمەن و دانسقە بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ، لە پای ئەوەی زۆر گوێی لە ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی گرتووە، بۆیە قوڕگ و دەنگێکی ڕەسەنی هەیە و ئاوازی ڕەسەن نەبێ نایڵێ و بە قوڕگیدا تێناپەڕێ، وێڕای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدییەکانیش زۆر ورد و بە سەلیقەیە، ئەوەی لەگەڵ چڕین و قورگی ئەو نەگونجێ، خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* لە خوێندنی سەرەتاییەوە، زۆر منداڵ بووە کە بووەتە جێی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ، بۆیە لەو پۆلانەدا دەریان هێناوە و سروود و گۆرانییان پێ گوتووە، مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری زۆر بایەخیان پێ داوە. هەر لەگەڵ دامەزراندنی تیپی

مۆسیقای باواجی، لە ساڵی ١٩٥٧، م. باکووری بە دوایدا دەنێرێ تا بچێتە پاڵ تیپەکەیانەوە کە خۆی سەروکاری کردووە، هەر ئەوکاتەش وەک (گۆرانیبێژ) وەری دەگرن، ئەوکاتە تەمەنی لە (١٢) ساڵان تێنەپەڕیوە. لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی وەک: (سێوە) و (باکووری) و (عەدنان جەمال) لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئاهەنگەکاندا بەشدار بووە، یەکەم گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کە بۆ ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماری کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بووە، ئەو گۆرانییەی بەناوی (بازان باز قەتار، قولینگان هەوایی) تۆمار کراوە کە من لەبیرمە پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا. تا ساڵی ١٩٦٣ ئەو تیپە لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای ئەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە شاری کۆیە شڵەقاوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕیان لەگەڵ پەیرەو کردووە، لەو ساڵە بەدواوە چرای هونەر لە شارەکەدا دەکوژێتەوە، لە سەرینی ئەو ناسەقامگیرییەوە م. باکووری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاری هەولێر، لەولاشەوە م. زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەر بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەم جۆرە ئەندامانی تیپەکە پەرتەوازە دەبن.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد لە ساڵی ١٩٧١ بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شارۆچکەی گەلاڵە، لە دەڤەری باڵەکایەتی کە ئەوکاتە خۆی لە بارەگای هێزی باڵەک بووە، لیژنەیەک بۆ ئەو یادە نەتەوەییە پێک دێ، بەرپرسەکان بەبێ ئاگاداری خۆی، کردبوویانە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە زانیبویانە هونەرمەندە و دەنگی خۆشە و گۆرانی و سروودی زانیوە، هەرچەندە ئەو هونەرمەندە زوو هەستی کردووە نەبوونی تیپێکی مۆسیقا لە ناوچەکەدا کەلێنێکی گەورەیە، بۆیە



سەلاح محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

ئەو ساڵە بۆ یادکردنەوەکە کۆرسێکی باش لە قوتابیانی پۆلی (٥) و (٦)ی سەرەتایی دروست دەکا کە زۆربەیان کەسانی دەنگخۆش و بەهرەدار بوون، ئەو تیپە کە ناوی نەبووە، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە توانیویەتی بەبێ مۆسیقا و سەرکەوتووانە، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر کارەکانی پێشکەش بکا کە ئێستاش هەندێ لە ئەندامانی ئەو تیپە و کۆرسەکەی ماون.

* ساڵی ١٩٧٢ کە وەزیفەکەی بۆ شاری کۆیە دەگوێزرێتەوە، بووەتە بەرپرسی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆریی لاوان، کە سەر بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٦- ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تێهەڵدەچێتەوە، هەر لەو ساڵانەدا (٣) گۆرانی بەناوەکانی: (خەجێ، جوانیی کوێستان، دڕۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە) تۆمار دەکات، ئەو گۆرانیانەش بە فراوانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە وێردی سەر زاریان. ساڵی ١٩٩١ گۆرانی (ئەوە هات، کە من هۆگر بە تۆ بووم) و سروودەکانی (لاوەکان، گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی..)ی تۆمار کردووە، هەروەها بەشداری چەندان فیستیڤاڵی گۆرانی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوو دەکاتە هونەری

منداڵان، بۆ ئەو مەبەستە تیپێک بەناوی (تیپی مۆسیقای سۆمای منداڵان) دادەمەزرێنێ، دوای ئەوەی هەست دەکا منداڵانی کورد بێنازن و هونەری تایبەت بە خۆیان کزە و پشتگوێ خراوە، هەر ئەوکاتە یەکەم بەرهەمی بۆ منداڵان بەناوی (دێوەرە) تۆمار دەکات. ئەم هونەرمەندە لە کارەکانی بۆ منداڵان بەردەوامە و تا ئێستا نزیکەی (٢٠) کلیپی بۆیان بەرهەمهێناوە، لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیەوە ئەمڕۆ مام عەوڵا لەناو منداڵانی کورد لە کوردستان بووەتە ناوێکی ئاشنا و ناسراو پێیان، تەنانەت گەورەکانیش زۆر چێژ لە کار و بەرهەمەکانی وەردەگرن.

* مام عەوڵا وەک هونەرمەندێکی هۆشیار، لە ئێستا و ئاییندەدا، هەستی بە دەوری گرنگی منداڵان کردووە، بۆیە چارەکە سەدەیەکە هەموو توانایی هونەریی خۆی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەو سۆنگەیەوە بایەخێکی تایبەتی بە هونەرەکەیان داوە و کاتێکی زۆری بۆ داناون بۆ ئەوەی بە بەردەوامی منداڵە ئازیزەکانمان بەسەر بکاتەوە. ئەگەر گۆرانی بە گشتی، گۆرانی منداڵان بە تایبەتی، لە (٣) کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی پێکهاتبێ (شیعر، ئاواز، چڕین- گوتن)، ئەوە بەهۆی سەرکەوتنی ئەو (٣) ڕەگەزەوە منداڵان ڕاستگۆیانە پێشوازییان لە هونەرەکەی مام عەوڵا کردووە، بۆیە خێرا گۆرانییەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە. ئەگەر هونەرمەندی بواری منداڵان ئاستی کارە هونەرییەکەی خۆی بە بەرزی ڕابگرێ و وەک هونەرێکی باڵا بیهێڵێتەوە، بێگومان ئەوە (٣) ڕەگەزە گرنگەکەی سەرکەوتنی کارەکەی بە جوانی بەجێ گەیاندووە، ئەوکاتە دەتوانێ هزر و بیر و هۆشیاریی منداڵان گەشە پێ بدات و کارێکی ئەوتۆ بکا منداڵان هونەرەکەیان خۆش بوێ، لێرەوە ئەو منداڵانە لەگەڵ منداڵانی دی جیاوازتر و هۆشیار و چاوکراوەتر دەردەکەون.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد وەک کوردێکی خاوەن هەڵوێست هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولەوە، پشتگیری لە شۆڕش کردووە و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، سەرەتا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە، ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی پارتی و تا ئەمڕۆ لەو بیروباوەڕەی خۆی دانەبڕاوە، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کورستانەوە کردووە، دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەوە، چووەتە شاخ و لە بارەگای هێزی باڵەک بووەتە نووسەر، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی چۆمان بە نووسەر دامەزراوە، دوایی بۆ شاری کۆیە گوێزراوەتەوە.

* جارێکی دی ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و لە بەتاڵیۆنی چواری دەشتی هەولێر کە بەرپرسەکەی (سمکۆ عەلی) بووە، بووەتە برینپێچ، هاوسەرەکەشی کە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە یاوەری بووە، لە هەموو ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکانی ژیانی، بەشدار بووە و ناخۆشییەکانی لەگەڵ بەش کردووە، لەپاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە شارەکەی و وەک کوردێکی پاک و دڵسۆزی کوردستانەکەی، نە لە نزیک و نە لە دوور لە ڕژێم نزیک نەبووەتەوە و هاوکاری نەکردووە، تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە خۆی و کوڕە گەورەکەی لە ڕزگارکردنی کوردستان بەشداری کردووە.

* ئەم هونەرمەندە بێجگە لە گۆرانی گوتن، حەزی لە کاری شانۆییش بووە، ساڵی ١٩٧١ کە ویستوویانە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە ئاهەنگەکەیاندا

شـانۆیی (کاوەی ئاسـنگەر)یش پێشـکەش بکـەن، سـەرەتا سـەردار بـێ بەخـت ڕەوانـدزی ویسـتوویەتی شـانۆییەکە دەر بهێنـی، بـەڵام سـەڵاح محەمـەد و ئەکتـەر و بەشـداربووەکانی شـانۆییەکە، مامۆسـتا و قوتابـی و کەسـانی دانیشـتووی شـارۆچکەی گەڵاڵـە بـوون، هیـچ کامێکیـان سـەریان لـە کاری شـانۆیی و دەرهێنانـدا دەرنەچـووە، بۆیە لە سـەرەتاوە هەسـتیان بـە کەموکوورییەکانـی کارەکەیـان کـردووە، لـە کاتـی پرۆڤەکردنـدا لـە قوتابخانـەی سانەوی گەڵاڵـە، لـە پـڕ کەسـێک خـۆی بـە قوتابخانەکەدا کردووە، کە سـەیری پرۆڤـەی شـانۆیی (کاوەی ئاسـنگەر)ی کـردووە، پێیـان دەڵـێ ئـەو کارەتـان بـۆ نمایـش زۆر لاوازە، ئەویش ڕاشکاوانە پێـی دەڵـێ کـە هیچ لـە دەرهێنانی شـانۆیی نازانـن. ئـەو پێیـان دەڵـێ ئەگـەر بۆتانـی ڕێـک بخـەم و جوانـی بکـەم پێتـان چۆنـە؟ ئەویـش خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ پێشـنیارەکەی دەردەبـڕێ و بـۆ ئـەو دەستپێشـخەرییەی سپاسـی دەکا، تەنانەت داوای لـێ دەکات خۆشـی لـە شـانۆییەکەدا بەشـدار بـێ، بۆیـە دوای دوو ڕۆژ ماندووبـوون شـانۆییەکەیان بـۆ دەردەهێنـێ و خۆشـی دەوری کاوەی ئاسـنگەری تێدا دەگێـڕێ و شـیعرێکی کوردانـەی پـڕ جۆشوخرۆشـیش دەخوێنێتـەوە، سـەردار بـێ بەخـت تێـدا دەوری (زوحاک)ی دەگێڕێ، بەم شـێوەیە زۆر سـەرکەوتووانە شـانۆیی (کاوەی ئاسـنگەر) نمایـش دەکرێ، بینـەران و ئامادەبووانـی ئاهەنگەکـە وا دەزانـن ڕووداوەکان ڕاسـتین و لەپێـش چاویـان ڕوو دەدەن، دوای ئـەوەی ئـەم هونەرمەنـدە بـۆ ئـەو گیانـی لەخۆبوردوویـی و هـاوکاری کردنـەی سپاسـی دەکات، لێـی دەپرسـێ تـۆ لـەو نـاوە چ کارەی؟ دەڵـێ مـن مامۆسـتام و لـە گونـدی (دێڵـزێ)ی باڵەکایەتـی دامـەزراوم و نـاوم (حەمەڕەشـید هەرەس)ـە، ئێسـتاش سـەڵاح محەمـەد مـەراق لـەوە دەخوا کـە لـەو ڕۆژەوە تـا ئەمـڕۆ چـاوی بـە چـاوی ئـەو هونەرمەنـدە نەکەوتووەتـەوە، تەنیا لـە ڕێگـەی تەلەڤزیۆنـەوە سـەیری کارە جوانەکانـی کـردووە.

* دوا بـەدوای ئـەو ئەزموونـە، سـاڵی ١٩٧٣، شـانۆگەری بیـری ئـازاد- الفکـر الحـر، یەکـەم جـار لـە کۆیـە لەسـەر شـانۆ پێشـکەش کـراوە، لـەو شـانۆگەرییەدا دەوری (بـاوک)ی بینیـوە، دواتـر لـە تەلەڤزیۆنـی بەغدا تۆمـار کـراوە، چەنـد جارێـک لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک پێشـان دراوە، دواتـر وەک گۆرانبێـژ لـە چەنـدان شـانۆگەری هونەرمەنـد ئەحمـەد سـالار بەشـداری کـردووە، پاشـان لەگـەڵ هونەرمەنـد (ئەرسـەلان دەروێـش) لـە شـانۆگەرییەکی گۆرانیـدا- مسـرحیة غنائیـة بەشـدار بـووە، هەروەهـا لەگـەڵ هونەرمەنـدان (هیـوا سـوعاد) و (ژیلـوان تاهیـر) وەک ئەکتـەر و گۆرانیبێـژ بەشداری لـە زۆر شـانۆگەریدا کـردووە.

* هونەرمەند سـەڵاح محەمەد کە شـارەکەی خۆی زۆر خـۆش دەوێ، تونـد بـە ژینگـە و دەوروبەرەکـەی خۆیـەوە نووسـاوە، بۆیـە زۆر لـە خەمی ئـەوەدا بووە مەقام و بەسـتە و گۆرانییەکانی کۆیە ببووژێنێتەوە، بـە تایبەتیـش ئـەو گۆرانیانـەی کەمتـر گوتـراون و لایـان لـێ دەکرێتـەوە، یـان هێشـتا تۆمـار نەکـراون. زۆر مەبەسـتی بـووە شـێوازی گوتنـی مەولـوودی پێغەمبـەر کـە هۆنراوەکـەی پەخشـانە و هـی مـەلا عەبدوڵـڵای جەلیزادەیـە، زۆرتـر بایەخـی پـێ بـدرێ، چونکـە شـێوازەکەی زۆر هونەرییـە و تاموچێژێکـی تایبەتـی خـۆی هەیە. لەسـەر (کەبار)یش وەسـتاوە، کـە بەیانیـان پێـش بانگـدان، بـە زمانـی شـیرینی کـوردی و بـە مەقامێکـی تایبەتـی گوتـراوە، هەروەها پێکـەوە مەقـام و گۆرانـی گوتـووە، بـە تایبەتـی ئەگـەر پێنـج خشـتەکی بووبـێ، (٣) دێـڕی یەکـەم بـە مەقـام گوتـراوە و (٢) دێڕەکـەی دیکەشـی بـە گۆرانـی گوتـراوە، ئـەو ڕای وایـە ئـەو جـۆرە گوتنـە لـە دەڤـەری کۆیـە زۆر بـاوە، لـە هەمـان کاتیشـدا

بەیتی یەکەمی شیعرەکە بە مەقام و بەیتی دووەمیشی بە گۆرانی گوتراوە.

* ئەم هونەرمەندە توانیویەتی بە باشی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکەی سەر شانی جێبەجێ بکات، بۆیە لە ڕێگەی دوو تیپەوە (سۆما) و (مام عەولا)ی تایبەت بە منداڵان، پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێ، چونکە زانیویەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە زۆر بواردا خاوەنی کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لەو میللەتانەی فۆلکلۆر و کەلەپوورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندی هەیە، بە تایبەتیش لە بواری هونەری گۆرانیدا، لەناو ئەو هونەرەشدا، هونەرێکی دەوڵەمەندی منداڵانی هەیە، بۆیە ئامانجی گەورەی ئەوە بووە منداڵانی کورد بەو هونەرە ڕەسەنە گۆش بکرێن تا گوێچکەیان بەو میلۆدیانە پڕ بکرێ کە لە باوک و باپیران و دایک و داپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

* پێویستە منداڵانی کورد لەلایەن لێزان و پسپۆڕانەوە لەسەر ئەو ئاوازانە، هەروەها لەسەر شایی و هەڵپەرکێ تایبەتەکان بە کورد ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و لەبیر نەکرێن و نەفەوتێن، یان لەپاڵ هونەری منداڵانەوە هەوڵی زیندووکردنەوەی یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری بدرێ، کە بەلامەوە بایەخدان بەو بوارانە، گەیاندنی ئەرکی لەپێشینەیە، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردە، ئەوە هاندانی منداڵانە بۆ بەرەودان بە هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی، کە لەلای ئەو هونەرمەندە پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی بە بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکە زانیوە بۆ هێشتنەوە و ڕزگارکردنی لە بزربوون و لەناوچوون، کە سنگ بە سنگ و نەوە دوای نەوە ئەو ئاواز و هەڵپەرکێ و یارییە فۆلکلۆریانەیان بۆ پاراستووین و تا ئەمڕۆیان هێناوە.

* کورد کە زۆر گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانی خۆی هەیە، هونەرمەند سەلاح محەمەد چەند دانە گۆرانییەکی لەوانە زیندووکردووەتەوە و سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست هێناوە لەوانە: (دێوەرە، شەمولە – بووکە بەبارانێ، ئەللول بەللول، کوڵێ کوڵێ، ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی) و چەندانی دیکە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆریی منداڵاندا یاری تایبەتیان لەگەڵ دەکرێ. لەلای ئەو هونەرمەندە پێناسەی هونەری سەرکەوتووی منداڵان ئەو هونەرەیە کە منداڵان دەورووژێنێ، تا هەست بکا ئەو گۆرانییە تایبەتە بە ئەو و بۆ ئەو گوتراوە، هەروەک دەبێ لە کاتی گوتنی گۆرانییەکەدا منداڵان بخاتە هەڵەکە سەما و هەڵپەڕین، تا ئەو ڕادەیەی سنوورەکانی شەرم بشکێنێ و لەگەڵ یەکەم گوێگرتن لە گۆرانییەکە، فێری گوتنەوەی بێ و وشەکانی شیعری گۆرانییەکە بە باشی بڵێتەوە.

* منداڵان چاو لە گەورەکان دەکەن، کورد دەڵێ: (گەورە ئاو دەڕێژێ، بچووک پێی لێ دەخشێنێ)، منداڵان لە گەورەکانەوە فێر دەبن و لێیان وەردەگرن، ئەگەر پەروەردەیەکی باش و زانستیانە بکرێن، داهاتوویەکی گەش چاوەڕێیانە و بۆ کۆمەڵەکەیان کەسانی بەکەڵکیان لێ دەردەچێ کە بۆ وڵات و گەلەکەیان خێر بدەنەوە. بایەخدان بە هونەری منداڵان ئاسۆی بیریان فراوان دەکا و کارێکی وا دەکا کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا مێشکیان گەورە بێ، بۆیە ئەوانەی لە بواری هونەری منداڵاندا کار دەکەن، دەبێ شارەزاییان لە شێوەی ئاراستە و پەروەردەی منداڵاندا هەبێ، زۆر هۆشیارانە دەقی تایبەت بە منداڵان هەڵبژێرن، شارەزاییان لە هونەر و ئاوازی تایبەت بە منداڵان هەبێ، کە

لەپێش هەر شتێکەوە دەبێ ئەو ئاوازە تایبەتە، سووکەڵە و ڕەوان بێ و منداڵ بە ئاسانی و زوو وەری بگرێ، بە تایبەتی دەبێ ڕیتمێکی خێرای هەبێ. نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە هەڵبژاردنی دەقی شیعر بۆ ئاوازێکی منداڵان، دەبێ ئەویش پەروەردەیی و ئاسان بێ بۆ وەرگرتن، تا منداڵان زوو وەری بگرن و کاریان تێبکا، هەر بەهۆی بوونی ئەو خەسڵەتانەوە دەبینین منداڵان گۆرانییەکانی مام عەولا زۆر بە شەوق و تاسەوە گوێی دەدەنێ، بۆیە لە دڵی منداڵاندا جێگەی خۆیان کردووەتەوە و چەسپیون.

* منداڵان بە شێوەیەکی گشتی حەز لە ڕەنگی بریقەدار (بڕاق) دەکەن، بە تایبەتی ڕەنگە گەرمەکانی وەک سوور و زەرد و سەوز کە ئەو ڕەنگانە لەلایان لەپێش ڕەنگەکانی دیکەوە دێن، یەکێکی دی لە هۆکارەکانی دیکەی سەرکەوتنی گۆرانییەکانی مام عەولا بۆ منداڵان ئەوەیە کە لە جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکانی بۆ منداڵان ئامادەی کردوون، بایەخی بە ڕەنگیش داوە و زۆر بە باشی ئەوەی بەرجەستە کردووە، سەرەڕای ڕەنگە زەقەکانی جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکان، لای لە جلوبەرگی فۆلکلۆری کوردەواری ڕەسەنیش کردووەتەوە، ئەوەش لەلای خۆیەوە زۆر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێ، ئەم گرنگی پێدانەش بۆ ئەوەیە منداڵان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری باوک و باپیران و دایک و داپیرانی خۆی خۆش بوێ تا لە ئاهەنگ و گەشت و سەیران و بۆنە و کارە هونەرییەکاندا بیپۆشن، جلوبەرگی کوردییان نیشان بدرێ و لەلا خۆشەویست بکرێ کە ئەو جلوبەرگانە بۆ کچان و کوڕانی کورد زۆر لێوەشاوەیە و جوان لێیان دێ، دەیەوێ بەو هۆیەوە هان بدرێن کە هەمیشە لەبەری بکەن و شانازی پێوە بکەن.

* ئەم هونەرمەندە کە مێژوویەکی درەوشاوەی جوانی بۆ خۆی تۆمار کردووە و لەلاپەڕە زێڕینەکانی هونەری گۆرانی کوردی و هونەری منداڵانی کورد بۆی نووسراوەتەوە، چەندان بەرهەمی ئامادەکراوی بۆ گەورە و منداڵانی کورد ئامادە کردووە و جارێ تۆمار نەکراون، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپێی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە و پشتگیری دارایی تەواوی نەکراوە تاکوو ساڵانە کارەکانی خۆی پێشکەش بە هەوادارانی بکات. ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا لەمێژ بوو حەزمان دەکرد لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەینەوە، ئەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا بیدوێنین، هیوادارین ئەوەی لە هەگبەیدا بووە هێنابێتمانە دەرێ.

**ڕامان:** ڕاستییەکەی لەمێژ بوو دامنابوو گفتوگۆت لەگەڵ ساز بکەم، بەڵام دەمویست یەکەم جار لە (م. زاهیر محەمەد)ی براتەوە دەست پێ بکەم، ئەوجا بێمە سەر گفتوگۆکەی خۆمان، بەداخەوە ئەوەی (م. زاهیر محەمەد)مان پێ تەواو نەکرا، تا ئێستا بە نیوە و ناچڵی بەجێمان هێشتووە، نزیکەی دوو سێ سەعاتێکمان لێ تۆمار کردووە، بۆیە گفتوگۆکەی تۆ تۆزێک دوا کەوت، بەڵام ئەو کتێبەی نیازمە سەبارەت بە هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی کورد لە داهاتوودا بۆ چاپ ئامادەی بکەم، دەبوو تۆش لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی کوردی تێدابێ کە پێشتر گفتوگۆمان لەگەڵ زۆربەیان کردووە، بۆیە کەموکووڕییەکی کتێبەکە لەوەدا دەبوو تۆی تێدا نەبی.. ئێمە کردوومانە بە نەریت، سەرەتای گفتوگۆکانمان بەو پرسیارە دەست پێ دەکەین: ئەو خێزانەی تۆی تێدا لەدایک بووی و چاوت بۆ ژیان هەڵێنا، چۆن پەروەردەیان کردی و کاریگەری لەسەرت چ بوو؟ بەتایبەتیش ئەوەندەی من ئاگادارم باوکت شاعیر و زانایەکی ئایینی بووە، بەڵام ئێوە، تۆ و براکانت، نەچوونەوە سەر باوکتان، نە دەستتان دایە شیعر نووسین، نە چوونەوە سەر ڕێچکەی ئەو، واتە خەریکی کاروباری ئایینی نەبوون، ئەوە بوو لەناو خێزانەکەتاندا زۆربەتان بوونە هونەرمەند و ئەمڕۆ لە بواری هونەریدا جێ دەستتان دیارە، پێم خۆشە ئەو ژینگە خێزانییەی خۆتمان بۆ باس بکەی.

**سەلاح محەمەد:** ڕاستە، باوکی من مامۆستای ئایینی بووە، مەلای مزگەوت بوو، لە مزگەوتی حەتک لە شاری کۆیە پێشنوێژیی دەکرد. باوکم دوا قوتابیی مەلای گەورەی کۆیە بوو، هەموو جارێ بۆخۆی دەیگێڕایەوە و دەیگوت من دوا قوتابیی مەلای گەورە بووم، لەلای ئەو دەمخوێند، ئەوجا مەلای گەورە نەریتێکی هەبوو ئەگەر یەکێک لەلای موستەعید بووایە، کە دەهات بێتە مەلا، تەماشای دەکرد و هەڵی دەسەنگاند، زۆر زیرەک نەبووایە پێی دەگوت ڕۆڵە تۆ بە کەڵکی مەلایەتی نایەی، بچی بۆخۆت ئیشێکی دی بکەی باشترە. باوکم گوتی مەلای گەورە زۆر کەسی ئیزن دابوو، تەنیا منی لە لای خۆی هێشتبووەوە.

**ڕامان:** مەبەستت لە دوا قوتابیی مەلای گەورە ئەوەیە هەموو قوتابییەکانی ئیزن دابوو، لە بێژنگی دابوون، لەناویاندا تەنیا باوکتی هێشتووەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، لەناویاندا تەنیا باوکم مابووەوە، چونکە باوکم بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی زۆر زیرەک و لێهاتوو بوو.

**ڕامان:** دەکرێ لێرە ڕاتبگرم و بپرسم ئەو عەرەبیزانینە لە کوێ فێر بووبوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەمووی لە مامۆستاکەی خۆی فێر بووە، کە مەلای گەورە بوو.

**ڕامان:** هەر لە لای مەلای گەورە فێری ئەو عەرەبییە باشە بووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چونکە باوکم لە ژیانیدا پیاوێکی ئایینی بووە و تەنیا وانەی ئایینی خوێندووە، سەرەتا لە لای باوکی، مەلا ئیبراهیم خوێندوویەتی، دوایی کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، دەچێتە لای مەلای گەورەی کۆیە.

**ڕامان:** پێم خۆشە هەندێک لەسەر باوکت ڕابوەستین، چونکە ئەو لەلایەک کەسایەتییەکی ناسراوە، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە، لەناو ئەدەبیات و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کۆیە زۆرجار ناوی دێ. لە پێشەوە باسی ئەوەمان بۆ بکە خوێندنەکەی لەلای مەلای گەورە چەند ساڵی خایاند، لە

ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕۆژانە دەچووە چ حوجرەیەک، مزگەوتێک، وەک قوتابییەک لەگەڵی دادەنیشت و گوێی لێ دەگرت، ئەوانەمان بۆ ڕوون بکەرەوە.

**سەلاح محەمەد:** وەک خۆی باسی کردووە، من لە دایکی ڕەحمەتیشمەوە بیستوومە، ماڵمان هەر لە کۆیە بووە، ڕۆژانە چووەتە لای مەلای گەورە، کە دەرسی پێ گوتووە، خوێندنەکەی لە مزگەوتی مەلا ئەسعەد بووە. ئەوکاتی مەلای گەورە لەو مزگەوتە بوو، باوکیشم شاعیر بوو، مەلای گەورە زۆر خۆشی دەویست، هەموو جار پێی گوتووە، تۆ لە زمانی عەرەبی کەسێکی زیرەکی، پێویستە لەسەر ئەوە بەردەوام بی، بەڵام بەداخەوە مۆڵەتی مەلایەتییەکەی لە ئەو وەرنەگرت، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٣ مەلای گەورە کۆچی دوایی دەکات، بۆیە بە ناچاری مۆڵەتی مەلایەتی، لە مەلا محەمەدی ئۆمەر گومبەتی وەرگرتووە.

**ڕامان:** گوندی ئۆمەر گونبەت چەند لە کۆیەوە دوورە؟

**سەلاح محەمەد:** لە نزیک سێگردکانە، لە کۆیەوە چووەتە ئەوێ و مۆڵەتی مەلایەتی لەو زانا ئایینییە وەرگرتووە.

**ڕامان:** تا چ قۆناغێکی فەقێیاتی لەلای مەلای گەورە خوێندوویەتی؟ تا قۆناغی موستەعیدیی هێنابوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چەند قۆناغێکی فەقێیاتی تەواو کردبوو، هێندەی نەمابوو مۆڵەتی مەلایەتییەکەی لێ وەربگرێ، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەوە، مەلای گەورە دەمرێ و مۆڵەتەکەی لەسەر دەستی ئەو وەرناگرێت، وەک پێشتر گوتم دوا قوتابیی مەلای گەورە، باوکم بووە.

**ڕامان:** واتە لەو دوا دواییە و پێش مردنی، مەلای



کەلاڵە، ساڵی ١٩٧١، ئاهەنگی یادی جەژنی نەورۆز، ئەوەی پێشەوە: هونەرمەند سەلاح محەمەد، ئەوانەی پشتەوە (کۆرس)، لە ڕاستەوە: ؟ ، نەژاد عەزیز سورمێ، سەلام عەلی.

گەورە تەنیا دەرسی بە باوکت گوتووەتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، تەنیا ئەو بووە، ئیتر مۆڵەتەکەی لە مەلا محەمەدی ئۆمەر گومبەتی وەردەگرێ و دێتەوە کۆیە، لە کۆیە لە مزگەوتی حەتک دەبێ بە مەلا و لەوێ ئیمامەتی دەکا، بۆخۆی شاعیریش بووە، من ئێستا بەشێک لە شیعرەکانیم لەلایە.

**ڕامان:** نازناوی شاعیرایەتییەکەی دلاوەر بووە، من شیعریم خوێندووەتەوە، دەزانم کە لەو بوارەشدا کاری کردووە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، کەسێکی توندڕەو نەبووە، ئێستا زۆر مامۆستا هەن لەگەڵ ڕێزم بۆیان، ئەوانە کە باسی نەورۆزیان لەلا دەکەی، لەوانەیە تووڕە بن و بڵێن نەورۆز هی موسڵمانان نییە، هی کافرانە، بەڵام باوکم لە ١٩٣٢ شیعری لەسەر نەورۆز داناوە، لە ١٩٣٤ دووبارە شیعرێکی تری لەسەر نەورۆز هۆنیوەتەوە.

**ڕامان:** قوتابیی مەلای گەورە بووبێ هەر دەبێ ئەوها گۆش کرابێ و ئەوەی لێ دەرچێ، مەلای گەورەش یەکەم کەسە لە کۆیە وەک مونەوەرێک و زانایەکی ئایینی گەورە بەرانبەر

بەوانە وەستاوەتەوە کە دژی نەورۆز بوون و دژایەتییان کردووە، یەکێک قوتابی ئەو پیاوە بووبێ، دەبێ هەر ئەوە ڕێباز و بیروڕای بێ.

**سەلاح محەمەد:** ئێستا هەندێ لە شیعرەکانی ماون، بۆتیان دەهێنم، شیعرەکانی هەمووی کۆمەڵایەتین، کەسێکی توندڕەو نەبووە، لەسەر ئایین بە توندڕەوی نووسیبێتی، ئەوە یەکەم هۆکاری ئەوەیە کە ئێمەی منداڵەکانی ئەو، ڕوومان لە دنیای هونەر کرد و هونەرمەند دەرچووین.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی ئێوە هونەرمەند بن، لێرە گلەییەکیشتان لێ دەکرێ، پاش ئەو هەموو ساڵە کە باوکتان شاعیر بووە و شیعری جوانی وتووە، شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی نووسیوە، بەڵام ئەو کوڕانەی کە سەروساختێکتان لەگەڵ هونەر و ئەدەبیات هەیە، دەبوایە شیعرەکانی کۆ بکەنەوە، بۆچی تا ئێستا ئەوەتان نەکردووە و دیوانەکەتان چاپ نەکردووە؟

**سەلاح محەمەد:** هێشتا باوکم مابوو، دیوانەکەی خۆی کۆکردبووەوە و جوان و پوخت و زۆر ڕێکوپێک، دەیداتە م. کەریم شارەزا، کوڕێک لە بەغدا ناوی ئەحمەد ئاکۆ دەبێ.

**ڕامان:** ئەحمەد ئاکۆ، مەبەستت باوکی لیوا دلێر و ئەوانە؟

**سەلاح محەمەد:** نا، ئەو نییە، ئەوە یەکێکی ترە، دەڵێ دیوانەکەم بۆ بنێرن من بۆتان چاپ دەکەم.

**ڕامان:** ڕەنگە بۆ سانسۆریشی بردبێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڕاستی نازانم چۆن بووە، باوکم دەیداتە م. کەریم شارەزا، ئەویش دەیداتە ئەو ئەحمەد ئاکۆیە.

**ڕامان:** بۆچی دابوویە م. کەریم شارەزا؟

**سەلاح محەمەد:** بۆ ئەوەی بۆی چاپ بکات.

**ڕامان:** ئەی داوای لێ نەکردبوو پێشەکی، یان لێکۆڵینەوە لە بارەی شیعرەکانییەوە بنووسێ؟

**سەلاح محەمەد:** م. کەریم شارەزا بۆخۆی هەموو ئەو شتانەی بۆ دیوانەکە کردبوو.

**ڕامان:** لێت بیستووە م. کەریم شارەزا ئەوەی بۆ کردبێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دوای ئەوە ئەو ئەحمەد ئاکۆیە دەگیرێ، نازانم چۆن دەبێ، دیوانەکەی باوکم لەو بەینەدا بزر بوو، چەند هەوڵمان دا، بە دەستمان نەکەوتەوە.

**ڕامان:** باوکت دەستنووسی دیکەی لەلا نەمابوو؟ نوسخەی ئەو شیعرانەی لای خۆی نەهێشتبووەوە؟

**سەلاح محەمەد:** نەوەڵڵا، هیچ شیعرێکی لەلای خۆی نەمابوو، تەنیا چەند شیعرێک نەبێ کە کاتی خۆی م. کەریم شارەزا لە گۆڤاری کاروان لەسەر باوکمی نووسیبوو، ئەو چەند شیعرەی لەگەڵ وتارەکەی بڵاوکردبووەوە، هەر ئەوەندە شیعرەمان ماوە، ئەوی دیکەی نازانم بۆ بە جارێک لێمان ون بوو، چەندی هەوڵمان دا نەماندۆزییەوە، ئێستا و ئیستاش چۆن بزر بوو، پێمان نەدۆزرایەوە.

**ڕامان:** باوکت لەو شاعیرانەیە کە لە کۆیە شان بە شانی شاعیرەکانی دیکەی کۆیە ناوی دێ.. ئێستا زانیمان باوکت چووەتە لای مەلایەکی دیکە و مۆڵەتی مەلایەتییەکەی وەرگرتووە، ئەوجا کە هاتووەتەوە وەک مەلایەک لە مزگەوتی حەتک دەستی بە ئەرکە ئایینییەکەی کردووە، بێجگە لەو مزگەوتە، لە چ مزگەوتێکی دی مەلایەتی کردووە؟

**سەلاح محەمەد:** لە کۆیە هەر لە مزگەوتی حەتک پێشنوێژ بوو.

**ڕامان:** بێجگە لە نازناوی خۆی کە دلاوەر

بووە، هەندێ جاریش بە ناوی مەلا محەمەدی حەتک ناویم بەرگوێ کەوتووە، بە تایبەتی خاڵە تاهیر ئەحمەد حەوێزی بەو شێوەیە ناوی دەهێنا؟

**سەلاح محەمەد:** شیعرەکەی لە گۆڤاری (کاروان)دا هەیە، باسی شێتێک دەکات کە ژیانی ئەوها و ئەوهایە، لە کۆتاییدا دەڵێ ئەمە ئازادە لە ژین بەسیە چیتر مەڕۆ، با نەڵێن دیسان حەمەی حەتکی پەتکی پساند.

**ڕامان:** لە شیعرەکەدا مەبەستی خۆیەتی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دیارە ئەو شیعرەی پێش ئەوە نووسیوە کە نازناوی دلاوەر بووە.

**ڕامان:** مزگەوتەکەی تێیدا پێشنوێژ بووە و مەلایەتی تێدا کردووە، هەر ناوی حەتک بووە و نەگۆڕاوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئاخر بۆیە دەڵێ با نەڵێن دیسان حەمەی حەتکی پەتکی پساند.

**ڕامان:** پێم باشە جارێ نەچینە سەر بابەتی دی، باوکت کەسێکی گرنگە، بە مەغدووریشی دەزانم، چونکە تا ئێستا کەم قسەی لەسەر کراوە، بەهۆی ئەوەشەوەیە کە دیوانەکەی بزر بووە. باوکت بێجگە لە لایەنە ئایینییەکەی کە پەیامێکی ئایینی میانڕەو و کوردانەی جوانی هەبووە، پیاوێک بووە لە سیاسەتیش نزیک بووە، بیستوومە کە لە کۆیە خۆپێشاندان کراوە، کاتێ حکوومەت ئەو خۆپێشاندەرانەی ڕاو ناوە و هەوڵی داوە بیانگرێ، ئەو لە مزگەوتەکەی دەیانشارێتەوە و زۆریانی لای خۆی داڵدە داوە، یەکێک لەوانە باوکی من بووە کە لەو مزگەوتەدا شاردوویەتییەوە، لە پاش ئەوەی لەگەڵ مام ئەسعەد محەمەدئەمین حەوێزی و هاوڕێکانی چوون بە کوتەک سندووقی هەڵبژاردنیان تەفروتونا کردووە، ئەوەش مانای ئەوەیە هۆشیارییەکی سیاسی هەبووە و حەزی کردووە کوردایەتی بکات، سەرخستنی مەسەلەی میللەتەکەی بەلاوە گرنگ بووە.

**سەلاح محەمەد:** کوردێکی پاک بووە، محەمەدی حاجیە گەورە دەڵێ لەگەڵ عەزیز شەریف، ئەندامی لیژنەی ئاشتی بووە، هەمیشە ئاشتیخواز و حەزی لە ئاشتی بووە.

**ڕامان:** بۆ زانیاریت عەزیز شەریف لە پاش ساڵی ١٩٧٠ دەوری ئاشتیخوازانەی خۆی گێڕاوە، بەڵام ئەنسارولسەلام، لە پاش ١٩٥٨ دروست بووە، ئەو ئەنساروسەلامە زۆر پیاوی گەورەی تێدا ئەندام بووە، ئەوانە دروشمی ئاشتیخوازییان بەرز کردووەتەوە، ئەگەرچی لە پشتی پەردەوە حزبی شیوعی پشتیوانی لێیان کردووە، یەکێک لەوانەی لەناویدا ئەندام بووە (م. گۆران)ی شاعیر بووە، زۆر کەسی دیکەش بوون، لەوانە (قانع)ی شاعیریشیان لەگەڵ بووە.

**باوکم مەلایەکی توندڕەو نەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٢ شیعری بۆ نەورۆز داناوە، ساڵی ١٩٣٤ دووبارە شیعرێکی دیکەی لەسەر نەورۆز هۆنیوەتەوە.**

**سەلاح محەمەد:** نازانم کێ پشتیوانی کردوون، بەڵام یەک لە ئەندامەکانی باوکم بوو، زۆریش لەسەر ئاشتی مکوڕ بووە، دەیگوت هیچ شتێک بە شەڕ و گێچەڵ وەرناگیرێت، پێویستە هەموو کارێک بە ئاشتی بکرێ، زۆر جار لێی ناڕازی بوون.

**ڕامان:** تەنیا لە ئەنساروسەلام نزیک بووە، یان لە حزبی هیوا و لە حزبەکانی تریش نزیک بووە؟

**سەلاح محەمەد:** نەمزانیوە لەو حزبانە نزیک بووبێ.

**ڕامان:** تۆ لە کەست نەبیستووە؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر.

**ڕامان:** ئێستا لەناو شاری کۆیە دەوری باوکتمان زانی، زانیمان ئاراستە سیاسییەکەی چۆنە، پیاوێکی میانڕەوی ئایینی، کەسێکی نەتەوەیی و ئاشتیخواز بووە، لەگەڵ کورد و کێشەی ڕەوای میللەتەکەی خۆی بووە، ئێستا دەمەوێ بزانم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی شارەکە کردووە، مەبەستم مەسەلەی مەسڵەتکردن و سوڵحی عەشایەری، یان ئەگەر کێشەیەک هەبووبێ چۆنی چارەسەر کردووە؟

**سەلاح محەمەد:** هەمیشە دژی ئەوە بوو ڕێزی یاسا نەگیرێ، زۆر جار دەیگوت پێش ئەوەی بێنە لای مەلا و ژن مارە بکەن، بڕۆنە دادگا، بڕۆن لەوێ بەڕەسمی کارەکەتان ببڕێننەوە، مەیەنە لای مەلا، ئەوێ تەواو بکەن، ئەوجا وەرنە لای من، بۆیە خەڵک بۆ مارەبڕین و شتی وا لە باوکم دوور دەکەوتنەوە، چونکە ئەو شتانەی پێ ناخۆش بوو.

**ڕامان:** پێدەچێ کە هاتبانە لای، لێیانی دەپرسی کە چوونەتە لای دادوەر و مارەیان کردووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دەیانگوت ناوەڵڵا نەچووین. دەیگوت بڕۆنە لای دادوەر مارەی بکەن، ئەوجا وەرنە لای من، ڕێزگرتنی یاسا و ڕەسمیات و دادگای زۆر پێ خۆش بوو. هەموو جارێ دەیگوت دوایی کە کێشەیەکتان لێ پەیدا بوو، ئەوکاتە بە من چارەسەر ناکرێ، بۆیە پێش هەموو شتێک بڕۆنە لای دادوەر مارەی بکەن و وەرنەوە، ئەوکاتە بەسەرچاو من مارەتان دەکەم، لەو جۆرە شتانەی زۆر بوو.

**ڕامان:** ئەی لە بواری چاکسازیی کۆمەلایەتی چی لێ دەگێڕنەوە، کۆمەڵی کوردەواری دوواکەوتوو بوو، باوکتان پیاوێکی ئایینی ئەو شارە بووە، سەبارەت بە ژنبەژن و گەورە بە گچکە هەڵوێستی چۆن بوو؟



کۆیە، ساڵی ١٩٧٣، لەگەڵ تیپی باواجی، یادی جەژنی نەورۆز، یاریگای کۆیە.

**سەلاح محەمەد:** هەر لە بنەڕەتەوە دژی ئەو جۆرە شتانە بووە، بە هیچ شێوەیەک ئەو نەریتە ڕزیوانەی قبووڵ نەکردووە، بەتایبەتی گەورە بە گچکە، یان ژنبەژن، ئەوانەی قبووڵ نەدەکرد، دەیگوت بڕۆنە لای مەلایەکی تر، مەیەنە لای من.

**ڕامان:** کە باوکت ئەمری خوای کرد، تۆ تەمەنت چەند بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٠، باوکم ئەمری خوای کرد، من لە دایکبووی ١٩٤٧م، ئەوکاتە ٢٣ ساڵ تەمەنم بوو.

**ڕامان:** ٢٣ ساڵ تەمەنێکی باشە، مانای ئەوەیە زۆر لە وێستگە و لاپەڕەکانی ژیانی باوکت لەبیرە.. باشە تۆ نەدەچوویتە مزگەوت تا لەسەر دەستی ئەو دەرس بخوێنی؟

**سەلاح محەمەد:** با، هاوینان دەچوومە لای، بۆ ئەو چوونەم زۆر هانی دەدام، چونکە من دەنگم خۆش بوو.

**ڕامان:** هێشتا نەچووبوویتە قوتابخانە کە دەچوویتە لای باوکت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دوای ئەوەش کە لە

قوتابخانــە بــووم، بەتایبەتــی لــە هاوینــان کــە دەچووم هەندێک موستەعیدی هەبوو، قورئانیان فێـر دەکـردم، باوکـم دەیگـوت کـوڕم فێـری خوێندنی قورئـان بـە، تـۆ گـوێ لـە عەبدولباسـت محەمـەد عەبدولسـەمەد بگـرە، بزانـە چەنـد بـاش ئـەو قورئانـە دەخوێنـێ.

**ڕامان:** باوکت دەیزانی دەنگت خۆشە؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، دوای ئـەوەی گـەورە بـووم و بوومـە ئەندامـی تیپـی باواجـی، دەیزانـی دەنگـم خۆشـە و گۆرانـی دەڵێـم، هانـی دەدام قورئـان بخوێنـم، بـەڵام زۆریشـی لـێ نەدەکـردم، دەیگـوت ڕۆڵـە دەنگـت خۆشـە، قورئـان فێـر بـە، منیـش عەرەبییەکـەم بـاش بـوو، چونکـە قورئانـم دەخوێنـدەوە، بـەڵام زیاتـر بـە لای هونەرەکـەدا ڕۆیشـتم.

**ڕامـان:** وەک لەبیـرت بـێ، دەبـێ لەبیریشـت بـێ، چونکە ئەوکاتـە بیست و سـێ سـاڵ تەمەنت بووە، هـاوڕێ نزیکەکانـی باوکـت، کـە زۆر لێیـەوە نزیـک بـوون، یـان هاتوچۆیـان کـردووە و برادەرایەتییـان لەگـەڵ خـۆش بـووە، ئەوانـە کـێ بـوون؟

**سـەلاح محەمـەد:** هاوڕێیەکانـی باوکـم کـە زۆر لـەلای بـوون، زۆربـەی ئـەو کەسـانە ئینسـانی ڕۆشـنبیر بـوون، یەکێـک لەوانـە م. تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی بـوو، هەمـوو ڕۆژان کـە دەبـووە عەسـر، دەهاتـە لای باوکـم.

**ڕامـان:** بـە قەڵـەم و کاغـەزەوە دەهاتـە لای، وەک ئـاگادار بـی قسـەی لـێ وەردەگـرت؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئەوەیـان نازانـم، ئـەوان بـۆ خۆیـان دادەنیشـتن و قسـەیان دەکـرد. دووەم بەکر ئاغـای حەوێزی، باوکـی ئاودێر و ڕەنجبـەر، نوێـژی نەدەکـرد، بـەڵام بـرادەری باوکـم بـوو، دەهـات لـەلای دادەنیشـت، قەتیـش لێـک عاجـز نەدەبـوون، یـان پێـی بڵـێ بۆچـی نوێـژ ناکـەی و دێیتـە مزگەوتـێ، جارێـک مـن شـتێکم دی سـەرم سـووڕما، حەمەدەمینـە گۆجـە کابرایەکـی دەنگخـۆش بـوو...

**ڕامان:** پێم خۆشـە نـاوی حەمەدەمینـە گۆجـەت هێنـا، خـراپ نییـە باسـێکی بکـەی.

**سـەلاح محەمـەد:** ئەوکاتـی مـن نوێـژم دەکـرد، تـازە پێدەگەیشـتم، بانگـی دا، کـە لـە بانـگ هاتنـەوە، باوکـم و هەمـوو ئەوانـەی کـە ڕۆشـنبیر بـوون ویسـتیان نوێـژ بکـەن، حەمەدەمینـە گۆجـە نوێـژی نەدەکـرد، هەسـتا سـەر پـێ و گوتـی دەی کاکـە نوێـژە ئەڵڵاهوئەکبـەر، ئەڵڵاهوئەکبـەر. باوکـم گوتـی دانیشـە گۆجـە دانیشـە، تـۆ دانیشـە، دەیزانـی نوێـژ نـاکا. گوتـی ئـەوە خـۆ دەبینـن، ئـەو مەلایـە نایەڵـێ مـن نوێـژ بکـەم. ئـاوا بـوو، قـەت بڵێـی باوکـم تـووڕە بـێ، شـتی وا نەبـوو. برادەرەکانـی باوکـم ئەوهـا بـوون، وەنەبـێ بڵێـی کەسـانێک بـن لـە ئاییـن توندڕەو بـن، دەهاتـن نوێژیشـیان دەکـرد.

**ڕامـان:** هونەرمەندەکانـی کۆیـە دەهاتنـە لای؟ هیـچ هونەرمەندێکی کۆیـەت لـەلای باوکت دیـوە؟

**سـەلاح محەمـەد:** محەمـەدی بـرای وەسـتا عومـەری نەجـاڕ کـە زۆرتـر لـە بەغـدا دادەنیشت، نازانـم ناوبانگـی محەمـەدت بیسـتووە؟

**ڕامـان:** محەمـەد کێیـان پـێ دەگـوت؟ نازنـاوی چ بـوو؟ چونکـە هەمـوو کۆییـەکان نازناویـان هەیە.

**سـەلاح محەمـەد:** محەمـەدی بـرای وەسـتا عومـەری نەجاڕیـان پـێ دەگـوت، ئـەوە لـە بەغـدا دادەنیشـت، بـە تەسـجیلێکی گچکەلـەوە دەهـات، جارێـک گوتـی کوڕەکـەت دەنگـی خۆشـە، دەمەوێ لەگـەڵ خـۆم بیبـەم، داوای لـێ کـردم گۆرانی بڵێم، منیـش گوتـم باشـە دێـم. بەکـر ئاغـای حەوێـزی گوتـی وەرنـە ماڵـی ئێمـە، چووینـە ماڵیـان، چەنـد کەسـێک بووین، باوکیشـم لەگەڵمـان هـات، ئـەو

شەوە لەلای ماینەوە، ئێستاش لە یادمە، قەلی بۆمان سەربڕیبوو، ئەو محەمەدە، پێیان دەگوت محەمەد ئەفەندی برای وەستا عومەری نەجار، تەسجیلێکی گچکەلەی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

**ڕامان:** خۆی دەنگی خۆش بوو؟

**سەڵاح محەمەد:** نا، بەڵام حەزی لە هونەر بوو.

**ڕامان:** ئەوە هاوڕێی باوکت بوو؟ لە بەغداوە بۆ لای باوکت هاتبوو؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو تەسجیلەی هێنابوو، من ئەو شەوە زۆر گۆرانیم گوت، ئەوەندەی ئەوکاتی دەمزانی گوتم، ئەو دەیگوت چ دەزانی بیڵێ، ئیتر لە مەقامات و لە بەستە، هەرچیم دەزانی گوتم، ئێستاش لەبیرمە لاسایی هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)م کردەوە، (شیرین بەهارە) و (هەی نار هەی نار) و ئەو شتانەی هەمووی تۆمار کرد، لەگەڵ خۆی بردی، نازانم چیی لێ کرد، ئەوکات بە ڕیکۆردەرێکی گچکەلە تۆماری کردن، زۆری پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند بوو ئەو گۆرانیانەتان تۆمار کرد؟

**سەڵاح محەمەد:** ئەوە ساڵانی شەستەکان بوو، نازانم بە تەواوی ساڵی چەند بوو.

**ڕامان:** شۆڕش دەستی پێ کردبوو؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، بەڵام لەوانەیە دەورووبەری ١٩٦٤ و ئەو ساڵانە بووبێ.

**ڕامان:** هەر ئەو دەهاتە لای باوکت کە مەیلی هونەری هەبووبێت؟

**سەڵاح محەمەد:** مەلا ئەحمەدە کوڕە هەر زۆر دۆستی باوکم بوو، هەرچەند جاری بهاتبا، دەیگوت وەرە مەلا ئەحمەد، لەلای دادەنیشت و شیعری بۆ دەخوێندەوە، باوکم دەیگوت ئەو مەلا ئەحمەدە زۆر زیرەکە، بە دوو جاران شیعر لەبەر دەکات، مەلا ئەحمەد پیاوێکی زیرەک بوو.

**م. بیلال بەهائەددین منی هێنایە ناو هونەر.. لە پۆلی یەکی سەرەتاییش بە مەقام و شیعری کوردی، گۆرانیم گوت.**

**ڕامان:** ئەی باوکت لەگەڵ مەلا مستەفای عاسی و سامی عەوداڵ و ئەو شاعیرانەی کۆیە نێوانی چۆن بوو؟ یان مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای حەویزی سەردانی دەکرد؟

**سەڵاح محەمەد:** من نەمدیون بێنە لای، بەڵام هەموویان دەهاتنە لای، هاتوچۆیان هەبوو، نازانم پێوەندییەکەیان چۆن بووە.

**ڕامان:** بێجگە لە مزگەوت، ئەوانەی لە ماڵێش سەردانی باوکتیان دەکرد، کێ بوون؟

**سەڵاح محەمەد:** عەبد جاسم زۆر دەهاتە لای.

**ڕامان:** عەبد جاسم هەموو گیانی نوکتە و قسەی خۆش بوو.

**سەڵاح محەمەد:** ئەوە زۆر دەهات.

**ڕامان:** عەبد جاسم بە ڕەچەڵەک کۆیی نییە.

**سەڵاح محەمەد:** عەبد جاسم و موتەڵیبی برای، ئەوانە بەتایبەتی دەهاتنە لای باوکم، قسەی خۆشیان دەکرد، لە مزگەوت کاتیان بەڕێ دەکرد.

**ڕامان:** کە دەهاتن قسەیان دەکرد تۆ لەلایان دادەنیشتی؟

**سەڵاح محەمەد:** من زۆر لەلایان دادەنیشتم.

**ڕامان:** وەک گوێت لێ گرتوون، بەزۆری باسی چییان دەکرد؟

**سەڵاح محەمەد:** باسی ژیانی ڕۆژانەیان دەکرد، باسی ڕابوردوویان دەکرد، منیش لە لای خوارێ دادەنیشتم و تەنیا گوێم لێ ڕادەگرتن.

**ڕامان:** زیاتر باسەکانیان لە بارەی مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی، یان دۆخی سیاسی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** باسی ئەو ڕووداوانە دەکران کە لە ژیانیاندا بەسەریان هاتبوو، بەتایبەتی عەبد جاسم و محەمەدی برای وەستا عومەری نەجار و بەکر ئاغای حەویزی، چونکە ئەویش کەسێکی زیرەک بوو، ئەو شتانەی دەگێڕایەوە کە بەسەری هاتبوو، ئیتر ئەو کەسانە بوون دەهاتنە لای باوکم، چونکە منیش لە دوای ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان، ١٩٦٦، بووم بە سەرباز و لە ماڵەوە دوور کەوتمەوە، تا باوکم مرد، کە باوکم ئەمری خوای کرد، من پێشمەرگە بووم، لە کۆیە نەبووم.

**ڕامان:** سەربازییەکەت چەند ساڵی خایاند؟

**سەلاح محەمەد:** دوو ساڵ بوو.

**ڕامان:** لە کوێ سەربازیت کرد؟

**سەلاح محەمەد:** لە ڕومادی و حەبانیە سەربازیم تەواوم کرد، لە ڕومادی مەرکەز تەدریب (مەڵبەندی مەشق کردن)مان تەواو کرد، لە ڕەتلی حەبانیە بووین کە سەربازییەکەم کۆتایی هات.

**ڕامان:** ساڵی چەند هەتا چەند بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٨، دوا دوایی مانگی ١١ی ١٩٦٥، بڵێ ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٦٨ تەواوم کرد.

**ڕامان:** کە هاتیتەوە چەندی پێ چوو تا چوویتە ناو پێشمەرگەوە؟

**سەلاح محەمەد:** هاتمەوە کۆیە، ماوەیەک لە کۆیە بووم، ئەوکاتیش شەڕی ناوخۆ پەیدا بووبوو، جەلالی و مەلایی هەبوو، ئێمە لەگەڵ جەلالییەکان بەینمان خۆش نەبوو، هەمیشە ناخۆشیمان هەبوو، جەلالی و مەلایی ململانێی زۆر توندمان هەبوو، وای لێ هات شەوێک بەشەڕ هاتین، ئیتر لەو کاتی من لەگەڵیان بەشەڕ هاتم، لێم دان و هەڵاتم، چوومە شاخ و بوومە پێشمەرگە، ئەو دەمە شێخ ستار قایمقام بوو.

**ڕامان:** شێخ ستار، کام شێخ ستار؟

**سەلاح محەمەد:** شێخ ستارێک هەبوو لە کۆیە قایمقام بوو، لەو دواییە لە زاخۆ کوژرا، لە زاخۆ قسەی لەسەر مام جەلال و ئەوان کردبوو، گوایە مەغدوورە و نازانم چی، هەر لەوێ کوشتیان، بە تەواوی نازانم لەوێ کوژرا، یان لە سلێمانی بوو، دڵنیام کوشتیان، چونکە قسەکانیان پێ خۆش نەبوو.

**ڕامان:** شێخ ستار کێ؟ ناوی باوکی دەزانی؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەڵڵا، نایزانم.

**ڕامان:** دوایی هەوڵ بدە وردە وردە ئەو ناوانە، ناوی باوکیشیان بزانی.. کە چوویتە ناو پێشمەرگەوە، لە شاخ، لە چ گوندێک بووی؟

**سەلاح محەمەد:** شەو بەدزی هەڵاتم، چوومە چیای باواجی، لە باواجی تووشی عەبدولڕەحمان عەلی بووم، سەرلق بوو، کە بە تەنیا منی دی، گوتی تۆ بەتەنیا لێرە چ دەکەی؟ گوتم من لە کۆیەوە هاتووم و هەڵاتووم، دەمەوێ ببمە پێشمەرگە. گوتی بەخێر بێی. بینی من گەنجێکی خوێندەوارم و نیشانەی خوێندەواریم پێوە دیارە، گوتی نووسراوێکی بۆ هێز بۆ بنووسن.

**ڕامان:** ئەو کاتە کێ ئامیر هێز بوو؟

**سەلاح محەمەد:** فارس باوە ئامیر هێز بوو، کاغەزێکی دامێ چووم لە نزیک جەلی، جەماعەتێکی زۆر پێشمەرگەم بینی، دەهاتن و دەچوون، هەموو تەماشای منیان کرد، یەکێک لە پێشیانەوە بوو گوتی ها کوڕی گەنج ماندوو نەبی. گوتم خۆش بی. گوتی دەچیتە کوێ؟ گوتم هاتووم بچمە هێز. گوتی بۆ دەچی؟ گوتم کاغەزێکم بۆ فارس باوە پێیە. گوتی کوا دە بیهێنە. گوتم ئاخر بۆ ئەو نێردراوە.

گوتی قەی ناکا تۆ بیهێنە. کاغەزەکەم دایە دەستی خوێندییەوە.

**ڕامان:** تومەز ئەوە بە خۆی فارس باوە بووە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، فارس باوە بوو، من نەمدەناسی، گوتی بەخێر بێی، تۆ ئەو کوڕە نی لە کۆیە لەگەڵیان بەشەڕ هاتووی و هەلاتووی؟ گوتم بەڕێوەڵڵا ئەوم. گوتی ئێ بەخێر بێی، بەخێر بێی. گوتی بیبەنە جەلی، جەلی و سماقوڵی و ئەو دۆڵە تا هیران هەمووی ئەوانی لێ بوون، گوتی بیبەن لەوێ خزمەتی بکەن، چوومە ئەوێ شەوێک لەلای ئەوان بووم.

**ڕامان:** دوایی پێیان نەگوتی نیازی چیت هەیە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، گوتم دەمەوێ بچمە سەرکردایەتی. گوتی دەبێ بچیتە لق، لق لە هیران بوو، نووسراوێکیان دامێ، چوومە لق، کە بردمە ئەوێ گوتیان تۆ پێشمەرگەی؟ گوتم ناوەڵڵا، ئەوە ئێستا هاتووم ببمە پێشمەرگە. گوتیان دەبێ بچیتەوە ناوچەی کۆیە کە لە سماقوڵییە. چیایەک بەسەرەوە بوو، هەستام چوومەوە ناوچەی کۆیە، لەوێ پشتگیرییەکیان بۆ لق دامێ، ئەودەمە بەرپرسی دووەم مەلا ئیسماعیل بوو.

**ڕامان:** ئیسماعیل مەلا عەزیز؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەرپرسی یەکەم عەزیز عەقراوی بوو، لەوێ نەبوو، ئەو جێگری بوو، ئەوجا ڕۆژی پێشتر زۆر هەوڵم دا گوتم ئەوەتا ئەو برادەرانەم لەگەڵمن، لەگەڵ ئەوان دەچمە سەرکردایەتی، دەچمە سەرەوە، تۆ نووسراوێکم بۆ مەکتەبی سیاسی بدەرێ. گوتی چۆن نووسراوت بدەمێ، من تۆ ناناسم. گوتم باوەڕت هەبێ زۆر کەس من دەناسێ، وەلحاسڵ نەیدامێ، جاری دووەم کە نووسراوەکەم بۆ برد، گوتی ئا وەرە، ئەوە دوێنێ غەدرم لێ کردی، بردمی یەکسەر نووسراوێکی بۆ نووسیم، لەگەڵ کەمالە پیرە کە ئێستاش ماوە و لە کۆیە دەژی، کەمال عەبدولکەریم، لەگەڵ ئەو لێمان دا چووینە سەرکردایەتی.

**ڕامان:** سەرکردایەتی لە کوێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** چووینە مەکتەبی سیاسی کە لە ناوپردان بوو.

**ڕامان:** جارێ ئەلێرە ڕات دەگرم، بەلام لەبیرت نەچێ، ئێستا تۆ پێوەندیت کردووە و چوویتە سەرکردایەتی لە ناوپردان، با بێینەوە سەر هەنگاوەکانی دیکەی سەردەمی منداڵی، تۆ گوتت لەگەڵ باوکت زۆر جار چوویتییە مزگەوت و قورئانت خوێندووە، بۆچی نەچوویتە قوتابخانەی سەرەتایی؟ساڵی چەند چوویتە قوتابخانەی سەرەتایی؟

**سەلاح محەمەد:** من تەمەنم شەش ساڵ بوو، ئەوکات لە حەوت ساڵی لە قوتابخانە وەردەگیرای، من جارێ شەش ساڵ بووم، هاوینێک بوو، منیش تۆزێک لاسار بووم، تاهیر مەلا حەبیب لە مزگەوت لەلای باوکم دانیشتبوو، گوتی تۆ بۆچی کوڕەکەت نانێریتە لای کوڕەکەم بۆ خۆی ببێتە شاگرد؟

**ڕامان:** ئەو دووکانی چی هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو دووکانی زێڕینگەری هەبوو، منیش بۆ سبەینێ چوومە لای کەمالی زێڕینگەر، ئەوکاتی دەفین هەبوو، وەکوو ئێستا نەبوو غاز و ماز و شتی وا هەبێ، هەمبانەیەک بوو بۆرییەکی پێوە بوو، هەموو جارێ بە دەستی دەماندەفی، ئەویش ئەو بۆریەی لەسەر دادەنا و لەحیم و شتی وای پێ دەکرد، بەلام کەمال زێڕینگەر دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، لە مەقامات شارەزا بوو، منیش هێشتا نەچووبوومە

قوتابخانەوە، بەردەوام ئەو شیعرانەی دەگوت کە هی کۆیە بوون، منیش گوێم بۆی شل دەکرد، هەموو شتەکانی لێوە فێر بووم.

**ڕامان:** ئەو کەمالی زێڕینگەرە هیچ دەنگی لە پاش بەجێ نەماوە؟

**سەلاح محەمەد:** لەو ساڵانە مرد.

**ڕامان:** فریای دەنگی کەوتن، هیچ دەنگی تۆمار نەکرا؟

**سەلاح محەمەد:** جارێک لە کوڕەکەیم پرسی، گوتی هەندێک شتی تۆمار کردووە، لە ماڵێ بۆخۆی تۆماری کردوون.

**ڕامان:** قەی ناکا تۆماری کردووە، ئەی کەنگێ دەیخاتە ڕوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە دەبێ بچمە لای کوڕی گەورەی کە ناوی نەهرۆیە و لێی بپرسم.

**ڕامان:** ئەو دەنگە تۆمار کراوە بەشێکە لە مێژووی هونەری ئەو شارە و ئەو میللەتە.

**سەلاح محەمەد:** بەشێکی گرنگە لە هونەری کوردی، من گوێم لێ دەگرت، ئەو هاوینەی لەلای بووم، بۆ پاییزەکەی چووبوومە قوتابخانەوە.

**ڕامان:** تۆ لەلای ئەو کەمالی زێڕینگەرە شاگرد بووی کە زێڕینگر بوو، لە زێڕینگەرییەکەی، ئیشی تۆ چی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئیشی من دەفین بوو.

**ڕامان:** لە زێڕینگەرییەکەی تەنیا ئەوە ئیشی تۆ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو هەموو جارێ دەیگوت بدەفە، دەستم ماندوو دەبوو، دەیگوت دەفک، منیش خێرا ئەوەم دەدەفی، ئەویش کاری لەحیم و شتی وای دەکرد.

**ڕامان:** ئەوە لەوێ پێیان دەگوت دەفین؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دەفین بوو.

**ڕامان:** موشەدەمەکەیە، موشەدەمە، دەیدەمێنی، هەواکەی لێی دەردێ، لە ئاگرەکەی دەدا و دەیگەشێنێتەوە.

**سەلاح محەمەد:** وەکوو مەشکە گەورە بوو، پڕی هەوا دەبوو، کە دەستت دادەنەواند، پاڵێکت بە هەواکەیەوە دەنا و دەهاتە ناو ئاگرەکەوە، ئاگرەکەی گەش دەکردەوە، ئیتر ڕەژووەکە سوور دەبووەوە، ئەو ئاسنەی پێ لەحیم دەکرد.

**ڕامان:** باوکی کەمالی زێڕینگر دەنگی خۆش بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، باوکی ئەو کەمال زێڕینگەرە کە دراوسێی یەکدی بووین، دەنگی خۆش بوو، تاهیر مەلا حەبیب بانگی دەدا، تەنیا بانگی دەدا.

**ڕامان:** ناوی تاهیری مەلا حەبیب بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، کوڕەکەشی کەمالی تاهیری مەلا حەبیب بوو.

**ڕامان:** ئەوجا باوکی ئەو زێڕینگەرە تۆی ناردە لای کوڕەکەی؟

**سەلاح محەمەد:** باوکی بە باوکمی گوت بینێرە با لە لای کەمالی زێڕینگر ببێتە شاگرد.

**ڕامان:** ئەوکاتی قوتابیش شاگردی پێ دەگوترا؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئیدی چوویتە لای کەمالی زێڕینگر؟

**سەلاح محەمەد:** چوومە لای ئەو.

**ڕامان:** ئەو یەکەم چاوپێکەوتنەم بۆ باس بکە کە بۆ یەکەم جار بینیت، چۆن پێشوازی لێ کردی، چۆن وەری گرتی، چیی پێ گوتی؟

**سەلاح محەمەد:** کە لەوێ بووم، ڕۆژانە سەرقاڵی ئیش دەبووین، ئەو مەقامانە، ئەو گۆرانییانەی دەگوت، بەڕاستی دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، منیش تەمەنم شەش ساڵان بوو، گۆرانی و مەقامەکانی ئەو دەیگوتن،

هەموویم لــێ وەرگرتبــوو.

**ڕامــان:** ئــەو هــەر لەنــاو دووکانەکــەی گۆرانــی دەگــوت؟

**ســەلاح محەمــەد:** بەڵــێ، لەنــاو دووکانەکــەی بــوو، دووکانێکــی گچکەلــە بــوو.

**ڕامــان:** بــۆ تــۆی دەگــوت، یــان خەڵکــی دیکــەش لــەوێ بــوون؟

**ســەلاح محەمــەد:** نــا، بۆخــۆی دەیگــوت، کاتــێ ســەرقاڵی ئیــش دەبــوو دەیگــوت، ئــاگای لــە مــن نەبــوو کــە مــن گوێــم لــێ ڕاگرتــووە و لێیــەوە فێــر دەبــم، یەکــەم ڕۆژ کــە چوومــە قوتابخانــە، هــەر یەکــەم حەفتــە مامۆســتایەکمان هەبــوو نــاوی عەبدوڵــڵا ئەحمــەد بــوو، کۆمەڵێــک قوتابــی بوویــن، گوتــی کــێ گۆرانــی دەزانــێ، کــێ قســەیەک دەزانــێ؟ گوتــم مامۆســتا مــن. گوتــی هەســتە وەرە ئێــرە.

**ڕامــان:** پێــش ئــەوەی قســەکەت تــەواو بکــەی، کــە چوویتــە قوتابخانــە وازت لــە ئیشــی دووکانەکــە هێنــا؟ شــاگردییەکەت بەجــێ هێشــت؟

**ســەلاح محەمــەد:** بەڵــێ، لــە قوتابخانــە ناونــووس کــرام، خاڵــم حاجــی عومــەری حاجــی محەمــەد، مــن و (عەبدولــڕەزاق)ی کــوڕی بــردە قوتابخانــە، دەســتی هەردووکمانــی گــرت و بردنــی بــۆ لای جــەلال حەوێــزی، ئێمــەی لــە پۆلــی یەکــی ســەرەتایی ناونــووس کــرد.

**ڕامــان:** نــاوی تــەواوی ئــەو مامۆســتایە جــەلال حەوێــز حەوێــزی نییــە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، باوکی ناوی حەوێزە.

**ڕامــان:** زۆر چاکــە، دوای ئــەوەی وەرگیــرای، یەکــەم ڕۆژ چــووی دەوامــت کــرد، چیــت لــەو یەکــەم ڕۆژە لەبیــر مــاوە؟

**ســەلاح محەمــەد:** ئــەو حەفتەیــەی لــەوێ بوویــن، مامۆســتایەکمان هەبــوو، نــاوی م. عەبدوڵــڵا ئەحمەد بوو.

**ڕامــان:** وانەکــە چــی بــوو، ئەوســا بــە گشــتی وانــەی هونــەر، وێنــە، یــان ســروود بــووە؟

**ســەلاح محەمــەد:** زۆر نەبوو گەیشــتبوومە ئەوێ، لــە پۆلەکــە زۆر بوویــن، دانیشــتبووین، گوتــی کــێ گۆرانــی دەزانــێ؟ گوتــم مامۆســتا مــن. گوتــی دە وەرە. یەکــەم جــار مــن بــە مەقــام دەســتم پــێ کــرد، وەســتا کەمالــی زێڕینگــر کــە لێیــەوە فێــر بووبــووم، هەمــوو جارێ بــە مەقــام دەســتی پــێ کــرد، مەقامەکــە بــە شــیعری کوردییــەوە بــوو، یەکســەر دەیگــوت:

**بەختی ئەو ئوستازە سووتێ**
**دەرسی سیحری پێ گوتی**
**وا کە تۆی بەرداوە گژ عالەم بە مەکر و ساحیری**
**خودای من**
**ئەمان ئامان ئامان ئامان**
**شلێرە وای شلێرە**
**شلێرە گیان شلێرە**
**بۆنخۆشە وەک کنێرە / بۆنخۆشە وەک کنێرە**

**ڕامان:** باشە دەتزانی ئەو مەقامە ناوی چییە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە مەقامی دەشت بوو.

**ڕامان:** پێشتر ناوی مەقامەکەیان پێ گوتبووی؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەڵڵا، سەرەتا نەمدەزانی.

**ڕامــان:** هــەر ئەوهــا یەکســەر توانیــت بەســەر مەقامەکــەدا زاڵ بیــت؟

**ســەلاح محەمــەد:** بەڵــێ، یەکســەر مــن ئــەوەم بــۆ مامۆســتا گــوت، مامۆســتاکەمان ســەری ســووڕ مــا.

**ڕامان:** م. عەبدوڵڵا ئەحمەد کۆیی بوو؟

**ســەلاح محەمــەد:** بەڵــێ، م. عەبدوڵــڵا ئەحمــەد کۆیــی بــوو، مامۆســتای هونەرمــان بــوو، کــە گوێــی لێــم بــوو هــەر ســەری ســووڕ مــا، گوتــی وەرە، تــۆ لــە کــێ ئــەوە فێــر بــووی؟ گوتــم مامۆســتا لــە وەســتاکەم فێربــووم. گوتــی وەســتات کێیــە؟

گوتم وەستا کەمالی زێڕینگر. گوتی ئافەرین، ئەی ئەو شیعرەت چۆن زانی؟ گوتم هەمووی لەوەوە فێر بووم، ئاخر ئەو شیعرەم زۆر بەجوانی خوێند، گوتی ئەو جارەش بیڵێوە، جارێکی دیکەشم بۆم گوتەوە.

**ڕامان:** ئەویش چووبوو بە مامۆستاکانی دیکەی گوتبوو کە قوتابییەک هاتووە لە پۆلی یەکی سەرەتاییە، دەنگێکی خۆشی هەیە و ئەو مەقامە خۆشانە دەڵێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، گوتبووی ناوی سەلاحە، کوڕی فلان کەسە، ئیدی هەر مامۆستایەک دەهات یەکسەر دەیگوت کوا سەلاح، هەستە، دەچوومە پێشی، ئەو مەقامەم بۆ دەگوت.

**ڕامان:** تۆ هەر مەقامات و گۆرانیت دەگوت، یان سروودیشت گوتووە؟

**سەلاح محەمەد:** سەرەتا هەر ئەوە بوو، لە پۆلی یەکی سەرەتایی کەس ئەو شتانەی نەدەزانی.

**ڕامان:** ئەی ڕۆژانی پێنج شەممان تۆیان نەدەهێنایە دەرێ؟

**سەلاح محەمەد:** با، دوای ئەوە وای لێ هات زۆر جاران منیان دەهێنا دەرێ، منیش گۆرانیم دەگوت، دوایی سروودیان فێر کردین؛ ئەی کوردینە، ئەی مەردینە، خوایە وەتەن ئاوا کەی، هەموو ئەو سروودانەیان پێ دەگوتین.

**ڕامان:** لە قوتابخانە فێری هەموو ئەو سروودانە بووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەمووی فێر بووم، زۆرجار منیان دەردەهێنا و دەمگوتن، کە من دەمگوتن، قوتابییەکانیش دوای من دەیانگێڕایەوە، قوتابخانەی ئولا لەناو شار بوو.

**ڕامان:** قوتابخانەکەت ناوی مەکتەبی ئولا بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەرانبەر مزگەوتی جومعە بوو.

**ڕامان:** تۆ کە بۆ یەکەم جار لە پۆلەکەتاندا هەستای، ئەوە یەکەم جارت بوو گۆرانی لەپێش خەڵکی بڵێی؟

**سەلاح محەمەد:** لەناو قوتابییەکان ئەوە یەکەم جارم بوو.

**ڕامان:** شەرمت نەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** نا، شەرمم نەکرد.

**ڕامان:** ئەی سەرەتا کە دەچوویتە بەردەمی ئەو هەموو خەڵکە چۆن بووی؟

**سەلاح محەمەد:** دوایی وردە وردە کە لە حەوشەی قوتابخانە دەمگوت، لەوێش شەرمم نەدەکرد، بەرانبەر قوتابییەکان؛ خوایە وەتەن ئاوا کەی، ئەی کوردینە، ئەی مەردینەم و ئەو سروودانەم دەگوت.

**ڕامان:** هەموو ئەوانەت لە پۆلی یەک کردووە؟

**سەلاح محەمەد:** لە پۆلی یەک و دوو و سێ، ساڵ بە ساڵ ئەوانە هەبوون.

**ڕامان:** ئەوە ئێستا ئەوانەمان زانی، لە بەڕێوەبەرەکەتانەوە بۆمان باس بکە، چەند مامۆستات لە بیر ماوە کە لە سەرەتایی دەرسیان بە تۆ گوتووە؟

**سەلاح محەمەد:** مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەد دەرسی پێ گوتووین.

**ڕامان:** بەڕێوەبەرەکەت ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر جەلال حەوێز حەوێزی بەڕێوەبەرمان بوو، عەبدوڵڵا ئەحمەد، عەبدوڵڵا کاکە مامۆستامان بوون.

**ڕامان:** هەریەکەیان چییان بە تۆ گوتووەتەوە ئەوەش بڵێ؟

**سەلاح محەمەد:** م. عەبدوڵڵا ئەحمەد دەرسی کوردی پێ دەگوتین و ڕابەری پۆلیشمان بوو، ئەو دەمە حیساب هەبوو، بیرکاری نەبوو،

عەبدوڵڵا کاکە حیسابی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** عەبدوڵڵا کاکە باوکی باوەزیر و بەختیارە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، کوڕەکانی ناویان بەختیار و باوەزیرە.

**ڕامان:** دەڵێن ئەو مامۆستایە توندوتیژ بووە، ڕەفتاری لەگەڵ قوتابیان زۆر توند بووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵام بەڕاستی دەرسەکەی بە جوانی دەگوتەوە، تێی دەگەیاندین، دوای ئەو م. بیلال بەهائەددین دێ، ئەو زمانی عەرەبی و دوایی سروودیشی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** لەبیرتە چ سروودێکی پێ گوتووی؟

**سەلاح محەمەد:** لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە، لەوەوە فێری ئەو سروودانە بووم.

**ڕامان:** ئەوانەی ئێستا باست کردن هەمووی ئەو پێتانی گوتووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەوجا شتی خۆشی هەبوو.

**ڕامان:** ئێستا دێینە سەر ئەو شتە خۆشانە، جارێ ئەوانەی کاریگەرییان هەبووە باس دەکەین، ناوی مامۆستاکانی دیکەش بڵێ.

**سەلاح محەمەد:** مامۆستا موعتەسیم مەجید هەبوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە چی پێتان دەگوتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە ئەلفوبێی کوردی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** ئەویش وانەی کوردی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئاخر ئێمە عەرەبی و کوردیشمان هەبوو، بەڵام زۆربەی وانەکان عەرەبی بوون، ئەودەم هێشتا کوردیمان نەخوێندبوو، تەنیا عەرەبی بوو.

**ڕامان:** ئەی زانیاری، یان مەعلوومات و «اشیا و صحە»تان هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە پۆلی چوارەوە م. عەبدولخالق عەلائەددین پێی دەگوتینەوە، بەڵام لە یەک و دوو و سێ، شتی ڕووکەش و سەتحیمان دەخوێند، کەمال سادق مامۆستامان بوو.

**ڕامان:** ئەو چی پێ دەگوتن؟

**سەلاح محەمەد:** حیسابی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** ئەو دەرسە عەرەبییانە بە کوردی شەرح دەکران؟

**سەلاح محەمەد:** بە کوردی شەرحیان دەکرد، بەڵام نووسینەکانمان هەمووی عەرەبی بوون.

**ڕامان:** لە مزگەوت بەهۆی قورئانەوە تۆ هەندێک عەرەبی فێر بووبووی؟

**سەلاح محەمەد:** باش بووم، مامۆستا غەریب مستەفا هەبوو، ئەویش دەرسی ئینگلیزی و ئایینی پێ دەگوتین، ئیدی ئەوکاتی مامۆستاکان هێندە زیرەک بوون، هەرشتێک با، دەرسی خۆیان دەگوتەوە، لێیان عاسی نەدەبوو، ئێمە لە سەرەتایی بووین، بەڵام دەرسەکانمان زۆر گران بوون.

**ڕامان:** لەو مامۆستایانە، لە ناو هەموویان کێ زیاتر سەرنجی تۆی ڕاکێشا؟

**سەلاح محەمەد:** م. بیلال بەهائەددین، باوکی ئازاد و فەرهاد مامۆستایەکی سەرنجڕاکێش بوو.

**ڕامان:** ئازاد و فەرهاد و شۆڕش و دەرباز و ئاواز خان و هەموو ئەوانی دیکەش دەناسم.

**سەلاح محەمەد:** بەڕاستی ئەو مامۆستایە منی هێنایە ناو هونەر، لە دوای ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕشی چواردەی تەمموز بەرپا بوو، ئەو منی هێنایە ناو هونەر، تیپی باواجی کۆیەش هاتە ناو کایەکەوە، ئیتر هونەر لە کۆیە زیاتر پەرەی سەند، م. بیلال بەهائەددین لە قوتابخانە زۆر شتی فێر کردم.

**ڕامان:** ئەو شتانەی فێری کردی چین؟ ئەوانەم بۆ باس بکە.

**سەلاح محەمەد:** شیعرێک بەناوی هێزی گەل هەبوو.

**ڕامان:** ئەوە شیعری م. کەریم شارەزایە، م. بیلال بەهائەددین ئاوازی بۆ داناوە، هونەرمەند تاهیر تۆفیق گوتوویەتی.

**سەلاح محەمەد:** ئەو ئاوازی بۆ داناوە، بەڵام ئەو ئاوازەی هونەرمەند تاهیر تۆفیق دەیڵێ، هەرچەندە یەک ئاوازە، بەڵام زۆر جار دەڵێم خۆزگە ئەو ئاوازە نوێ بکرابایەوە، ئاوازێکی زۆر جوانە، «هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین» ئەگەر ئێستا تۆماری بکەن، لەگەڵ ئەوەی تاهیر تۆفیق جیاوازی هەیە، بەڵام ئاوازێکە بەڕاستی ئاوازی وا عەزەمەت نەبووە.

**ڕامان:** ئەو ئاوازانەی کە وەستا زێڕینگرەکەت لەبەر خۆیەوە گوتوونی، لەبەر ئەوەی یادەوەریت باشە، لەوانەیە لە بیرت مابێتن؟

**سەلاح محەمەد:** وەستاکەم چەند گۆرانییەکی زۆر بە جوانی دەگوتەوە، لەوانە مەقامی دەشت و (شلێرە) و (لەبەر نازی چاوبازان)!.. من بە (ئازاد)ی کوڕی (م. بیلال بەهائەددین)م گوت، باوکت مۆسیقازان نەبوو، بەڵام ئاوازدانەری زۆر چاک بوو.

**ڕامان:** چەند ئاوازی ئەوت لەبەرە؟

**سەلاح محەمەد:** چواردە پازدە ئاوازم لەسەر کاسێتێک، بە دەنگ و وێنەوە تۆمار کرد، بە کوڕەکەیم گوت ئەو کاسێتەت دەدەمێ لەلای خۆت هەڵیبگرە، کاسێتێکی گچکەلە بوو، بەڵام تۆ دوایی دانەیەک (سی‌دی)م بدەرەوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ نەیدامەوە. ئەو ڕۆژە چوومە لای، گوتم کوا دانەیەک لە (سی دی)یەکە؟ گوتی چۆن؟ ئەی نەمداویتەوە؟ گوتم دانەوەی چی؟، حەق بوو نوسخەیەکم لە سی دییەکە بدەیتەوە.

**ڕامان:** م. بیلال بەهائەددین شێوەکاریش بوو، کاتی خۆی تابلۆیەکی لە ماڵەوەیان هەڵواسرابوون، ئاخر ماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تاهیر ئەحمەد حەوێزی بوو، منیش کە لەگەڵ هەموویان ئاشنا و هاوڕێ بووم، زوو زوو دەچوومە لایان، لە ساڵانی حەفتاکان هەر جارێک چووبامەوە کۆیە، سەرم لێ دەدان. تابلۆیەکە ناوی ڤینۆس بوو، کە بینیم وەک شێوەکارێک باس نەکراوە، ساڵی ١٩٧٤ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بابەتێکی بچووکم لەسەر نووسی، پاش چەند ساڵێک پێوەندیم پێوە کردن، بەتایبەتی ڕوو دەمم کردە (ئازاد)ی کوڕی کە هاوڕێمە و هونەرمەندێکی مۆسیقاژەنە، لە تیپی باواجی ئەندام بوو، پێم گوت دەمەوێ جارێکی تر ئەو بابەتەی کاتی خۆی لەسەر باوکتم نووسیبوو، هەندێک فراوانی بکەم و تابلۆیەکەشی لەگەڵ بڵاو بکەمەوە،ئەو تابلۆیەتان لەلا ماوە؟ گوتی تابلۆکە نەماوە و فەوتا.

**سەلاح محەمەد:** ئازادی کوڕی کەمانچەژەنێکی باش بوو، بەداخەوە وازی لە هونەر هێنا، نازانم بۆچی وازی هێنا و دوور کەوتەوە، ژەنیارێکی زۆر باش بوو.

**ڕامان:** ئاگام لێ بوو کە لە تیپی باواجی ئیشی دەکرد.. بێینەوە سەر م. بیلال بەهائەددین، دەوری لە تیپی باواجی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو کەمانێکی کڕیبوو، دەیویست خۆی فێر بکات، کە ئاهەنگێک دەبوو، هەرچەندە ژەنینی باش نەبوو، وەک دیکۆر لەگەڵ ئەندامانی تیپ دادەنیشت و کەمانەکەی لەسەر شانی دادەنا، بەڵام ژەنینەکەی هی ئەوە نەبوو بڵێین مایک لەبەر دەمی دابنێن، هەر لەگەڵیان دادەنیشت تاکوو تیپەکە گەورە دەرکەوێ و گەورە خۆی بنوێنێ، ئاوازیشی هەبوو زۆر جار ئاوازەکانی ئەوم دەگوتەوە.

**ڕامان:** باشە نەتدەزانی، یان پرسیارت لێ

نەدەکرد، ئەو کە ئامێرێکی مۆسیقای نەزانیوە بیژەنێ، ئەو ئاوازە جوانانەی چۆن داناوە؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، لێم نەپرسیوە، بەڵام بەهرەدارێکی زۆر سەیر بوو، وەک دەزانن ئەو مەیلی شیوعیاتی هەبوو، ئەو دەمەی لە (عەبدولکەریم قاسم)یان دا، ئاوازێکی دانا، جاری یەکەم بریندار بوو، کەریم شارەزا شیعرێکی بەناوی (لەسەریان دە) دانا؛ لەسەریان دە کەریم، لە سەریان دە، نەیانهێڵی. م. بیلال بەهائەددین ئاوازێکی بۆ ئەو شیعرە دانابوو، منی فێر دەکرد، منیش ئەودەم نەمدەزانی مەسەلەکە چییە، هەر لە پۆلەکە فێری دەکردم، دوایی کە لەوێ فێر بووم، منی دەبرد، لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا دەمگوت، ئەوکاتیش تازە تیپی مۆسیقای باواجی پێ گەیبوو.

**ڕامان:** م. بیلال بەهائەددین لە تیپی باواجی هەر ئەندامێکی ئاسایی، سەرۆکی تیپ، جێگر، یان ئەندامی دەستەی کارگێڕی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر ئەندام بوو، ئەندامێکی ئاسایی بوو.

**ڕامان:** بەڵام بۆ بەبیرهێنانەوە، پێشتر لە ساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە لەگەڵ چەند کەسێک تیپێکیان بەناوی تیپی هونەرە جوانەکان لە کۆیە دروست کردووە، ئەوکاتی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی بەرپرسی بەشی مێژوو، م. کەریم شارەزا بەرپرسی بەشی ئەدەب، م. بیلال بەهائەدین بەرپرسی بەشی هونەر، باوکم بەرپرسی بەشی فۆلکلۆر و کەلەپوور بووە، ئەوانە هەموویان لەو تیپەدا ئەندام بوون کە ئەوکاتە لە کۆیە دایاننناوە، دەتوانم بڵێم ئەوە سەرەتایەکە بۆ هاندانیان کە دوایی بەشێکی ئەوانە چوون لەگەڵ م. باکووری تیپی (باواجی) یان دانا، هەر بۆ زانیاریت ویستم بزانی ساڵی ١٩٥٧ م. بیلال بەهائەددین لەو تیپەشدا کاری کردووە و سەرەتایەکی هەیە.

**سەلاح محەمەد:** ئەو کەسێکی زیرەک بوو، ئەو ئاوازانەی چۆن دادەنا؟ بانگی منی دەکرد، دەیگوت وەرە ئەو ئاوازە بڵێوە، ئەوە وایە و ئاوام داناوە، هەمووی شیعری ڕێکوپێک، بەتایبەتی شیعرەکانی دڵزار و کەریم شارەزا بوون، ئاوازی بۆ دادەنان.

**ڕامان:** تۆ تا کۆچی دوایی کرد هەر پێوەندیت لەگەڵی مابوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دوایی ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ١٩٦٣ی بەسەردا هات.

**ڕامان:** ئەوان بە خێزانەوە چوونە قەلعە سوکەر و بۆ باشووری عێراق دوور خرانەوە.

**سەلاح محەمەد:** م. بیلال بەهائەددین ماوەیەک چووە دەرێ، دوایی هاتەوە، دوای ماوەیەک بۆ باشووری عێراق گوێزرایەوە.

**ڕامان:** وەک شیوعییەک کە ڕاویان نابوو، سەرەتا چووە شاخ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دوایی کە لێبوردن دەرچوو، هاتەوە و دوای لێبوردنەکە ئەو بۆ باشوور دوور خرایەوە، ماوەی چەند ساڵێک لەوێ بوو، منیش لە پۆلی چوار بوومە پێنج و شەش و دواتر چوومە ناوەندی، واتە لە سەرەتایی نەمام.

**ڕامان:** ئێمە جارێ هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییداین، تکایە پەلە مەکە، با سلێمانی قسەیەکی جوانیان هەیە، دەڵێن با کەوەری بیجنین، کەوەری، بە واتای ورد ورد بۆ شتەکان بچین، بۆ ئەوەی بەسەر هیچدا باز نەدەین.. تۆ جارێ لە یەکەوە تا سێ، ناوی مامۆستاکانت هێنا، لە چوار و پێنج و شەش مامۆستاکانتان نەگۆڕان؟ مامۆستای نوێتان بۆ نەهات؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو مامۆستایانەی هەمانبوون، م. کەریم شارەزا لەگەڵ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی هەر مابوون.

**رامان:** م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی لەلای ئێوە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەر لەوێ لەلامان بوو.

**رامان:** چ وانەیەکی بە تۆ دەگوتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** دەرسی مێژوو و جوگرافیای دەگوتەوە.

**رامان:** م. کەریم شارەزاش دەرسی عەرەبی دەگوتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** عەرەبی و کوردی، هەمووی دەگوتەوە، بەتایبەتی ئەو سەردەمە شتی زۆر سەیر هەبوو، بۆ نموونە یەکێکی وەک م. کەریم شارەزا کوردی دەگوتەوە، جارجار عەرەبیشی دەگوتەوە، بەڵام ئەوانە لەسەر شیرینکردنی شیعر زۆر هانیان دەدایـن، زۆر شیعریان فێر دەکردین.

**رامان:** ئەوان شیعریان هەڵدەبژارد و بۆیان دەهێنان تا ئێوە ئەزبەریان بکەن؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، شیعری عەرەبی و کوردی بوون، بەڕاستی ئەوان زۆر لەسەر ئیشەکەیان ڕژد بوون، وەنەبێ پشتگوێمان بخەن، م. کەریم شارەزا دەیگوت دەبێ شیعرەکە لەبەر بکەن، لەبەری نەکەن وا و واتان لێ دەکەین، لێیان دەدایـن، دەیانگوت دەرتان ناچوێنین، ئێمەش ناچار بووین، دەبووایە هەموو شیعرەکان لەبەر بکەین.

**رامان:** هەموو شیعرەکانیش نەتەوەیی و نیشتمانی بوون، بۆ کوردایەتی هانیان دەدان؟

**سەلاح محەمەد:** ناوەڕۆکی شیعرەکان کوردایەتی بوون، مێژووی ژیانی شاعیرەکان بوون، ئەو شتانەیان فێر دەکردین، زۆریش سوودمان لێیان وەرگرت، ئێستا دەرچووی زانکۆ هەیە ئاگای لە شیعر و ئاواز و شاعیرەکان نییە، ئێمە لە سەرەتایی بووین ئاگامان لە هەموو شتێک بوو.

**رامان:** مامۆستاکانتان هەر ئەوانە بوون، مامۆستای دیکەتان نەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** م. بیلال بەهائەددین، م. عەبدولخالق عەلائەددین، موعتەسیم ئەفەندی بوون.

**رامان:** ناوی تەواوی ئەو مامۆستایە بڵێ؟

**سەلاح محەمەد:** موعتەسیم مەلا مەجیدیان پێ دەگوت، موعتەسیم عەبدولمەجید، دوایی مامۆستایەکمان بۆ هات ناوی مامۆستا خەلیل بوو، خەڵکی ئەو شەقڵاوەیە بوو، مامۆستایەکی زۆر نیشتیمانپەروەر بوو.

**رامان:** ناوی باوکی دەزانی؟

**سەلاح محەمەد:** ناوی باوکی نازانم، بەڵام خەلیل، خۆشناو بوو، بەڕاستی کوردێکی پاک بوو، ئەویش زۆر لەسەر کوردایەتی ڕژد بوو.

**رامان:** بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشتان هەر م. جەلال حەوێز حەوێزی بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەودەمەی کە چووینە قوتابخانەی ئولا، هەر ئەو بوو.

**رامان:** وا دیارە قوتابخانەکەت نەگۆڕیوە، هەر لە قوتابخانەی ئولا ماویتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئێمە هەر لە قوتابخانەی ئولا بووین، دوایی قوتابخانەکەمان بەبەر جادە کەوت، بینای قوتابخانەیەکی دیکەیان بۆ دروست کردین، ئێستاش ئولای پێ دەڵێن، لەلای مونەزەمەی کۆنە.

**رامان:** ناوەکەی نەگۆڕا، هەروەک خۆی مایەوە؟

**سەلاح محەمەد:** نەگۆڕا، هەر ئەویش بەڕێوەبەرمان بوو، بەڵام دوایی خانەنشین بوو.

**ڕامان:** تۆ پۆلی چەند بووی کە بەڕێوەبەرەکەتان خانەنشین بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە پۆلی پێنج بووم، هەموو جارێ کۆیان دەکردینەوە، م. جەلال حەوێز دەهات قسەی بۆ دەکردین.

**ڕامان:** قسەکانی لە بارەی چییەوە بوون؟

**سەلاح محەمەد:** هەموو قسەکانی لەسەر دەوامکردن و قوتابخانە و خوێندن بوو، ئەگەر یەکێک خراپ بووایە، بانگی دایک و باوکی، بانگی باوکی دەکرد، پێی دەگوت کوڕەکەت ئەوهایە و ئەوهایە، لێی قبوڵ ناکەین، مامۆستاکانیش وا بوون، بەردەوام دەیانگوت کوڕم بخوێنن.

**ڕامان:** هیچ قسەیەک، ڕووداوێک، سەرگوزەشتەیەکی خوێندنی سەرەتاییت لەبیر ماوە؟

**سەلاح محەمەد:** شتێکم لەبیرە پێوەندی بە (م. موعەتەسیم مەجید)ـەوە هەیە، لەگەڵ عومەری حاجی عەولا لە پۆلی چوار بووین، ئەو نەیدەخوێند، هەموو جارێک بە دار لێی دەدا، باوکیشی سەرتاشخانەی هەبوو، جارێک پێی گوت پێت بڵێم، یان دەتکەمە قوتابی و پێت دەخوێنم، یان لەلای باوکت دەتکەمە شاگرد، کوڕم شتێک فێر بە، بخوێنە، یان بڕۆ ببە شاگرد، لەلای باوکت فێری ئیشێک بە، ئاخری لەلای باوکی کردییە شاگرد.

**ڕامان:** نەیتوانی ببێتە قوتابییەکی باش؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەوسا مامۆستا مامۆستا بوو، قوتابی تەنبەڵ و تەوەزەلی نەدەویست.

**ڕامان:** ئەو بەڕێوەبەرەتان تا پۆلی چەند بەڕێوەبەر بوو، کە دوایی خانەنشین بوو، کێ هاتە جێگەکەی؟

**سەلاح محەمەد:** لەبیرمە تا پۆلی پێنجیش لە قوتابخانە نوێیەکەی ئولا کۆی دەکردینەوە، لەوێ قسەی بۆ دەکردین، بەیانیان کۆ دەبووینەوە، لە پاش ئەو کێ هات، لەبیرم نییە، نایەتەوە یادم، چونکە ئێمەش لەوێ نەماین، چووینە ناوەندی.

**ڕامان:** دواتر دەچینە سەر خوێندنی ناوەندی، جارێ هەر لە قۆناغی سەرەتاییداین و پرسیارمان ماوە.. ئەو قوتابیانەی لەگەڵت بوون، ئەوانە ئاستیان چۆن بوو، پێوەندییان لەگەڵت چۆن بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو ڕۆژگارە قوتابی قوتابی بوو، خوێندن خوێندن بوو، نەیاندەهێشت هەر وا بە خۆڕایی بچینە قوتابخانەوە، ئەوەی لە قوتابخانە تەنبەڵ بووایە جێی نەدەبووەوە.

**ڕامان:** ئەو قوتابیانەی لەبیرت مابن، هاوڕێی ئەو سەردەمانەت بووبن کێ بوون؟

**سەلاح محەمەد:** زۆرن، یەکێک لەوانە ئاودێری بەکر ئاغا بوو کە پێکەوە قوتابی و هاوڕێش بووین، مەجیدی ڕەسووڵ ئاغا، لەگەڵ هەموو ئەوانە برادەری گەڕەک بووین، برای سیستەر مریەم، ناوی جەبار بوو، ئێستا لە ئەورووپایە، ئەویش ماوە.

**ڕامان:** باوکیان ناوی چییە؟

**سەلاح محەمەد:** جەبار یووسف، ئەوە بە ڕاستی زیرەک بوو، بە باشی دەیخوێند، لە کۆتاییدا بووە ئەندازیار، هەروەها دوکتۆر نەبیل دنحامان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** ئەوەی لە هەولێر پسپۆڕی ئەشعە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی لە کریستیانەکان، کەستان لەگەڵ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەوانە کێت لەبیرە لەگەڵتان بووبێ؟

**سەلاح محەمەد:** جەبار یووسف برای عەبدولمەسیح یووسف هەبوو، ئەویش زیرەک بوو، لەگەڵمان بوو، وا بزانم ئەمری خوای کردووە، زۆری دیکە بوون، ئیسحاق و یووسف بوو، کە چووە بەغدا و نەمدیتەوە، گرنگییەکە لەوەدا بوو هیچ فەرق و جیاوازیمان نەبوو، نەماندەگوت ئەوە دیانە و ئەوە ئیسلامە، هەموو وەک برا بووین، ئەوە زۆر گرنگ بوو.

**ڕامان:** ئەو بە یەکەوە ژیانە زۆر گرنگە، کۆیە شارێکە هەمووی یەکتری ناسیوە.

**سەلاح محەمەد:** گەوریل کوڕی مام شەعییە، شەعییە مرد، ئێستاش گەوریل ماوە، دەنگی خۆشە، هەموو جارێ پێکەوە دادەنیشتین و گۆرانیمان دەگوت.

**ڕامان:** کە ئێستاش ماوە، بۆچی دەنگی تۆمار ناکرێ، هیچی لە بارەوە ناگوترێ؟

**سەلاح محەمەد:** ئێستاش لە کۆیە ماوە، مامۆستایەکی خانەنشینە، گۆرانی دەگوت و باوکیشی دەنگی خۆش بوو.

**ڕامان:** بە کوردی گۆرانی دەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** بە کوردی و بە ئاشووری دەیگوت، تەنانەت هەندێک گۆرانییان بە ئاشووری فێری من کرد، ((ئێلە ڕەشت کوارە، ڕەقە ڕەقە بتوارە))، ئەو شتانەیان دەگوت.

**ڕامان:** ئەی حەننا ئەنتوانێت مامۆستات بووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دەرسی بە من دەگوت، بەڵام ئەو بۆ قوتابخانەی قادرییە گوێزرایەوە، لە سەرەتایی ئەوێ ڕۆژێ دەرسی عەرەبی دەگوتەوە، پیاوێکی زۆر زیرەک بوو.

**ڕامان:** پیاویکی ناسراوی ڕووناکبیر و زیرەک و سەنگین و خاوەن کەسایەتی خۆی بووە، خاوەنی کتێبە.

**سەلاح محەمەد:** زۆر هاوڕێی باوکیشم بوو، بەڵام لە قوتابخانەی ئولا نەبوو، لە قوتابخانەی قادرییە بوو.

**ڕامان:** ئەویش هاتوچۆی باوکتی کردووە.. ئەی لەو قوتابیانەی کە لە سەرەتایی لەگەڵت بوون، دواتر لە بوارێکی هونەری، ئەدەبی، بەهرەیان درەوشابێتەوە و بەناوبانگ بووبن، لەوانە کەست لە خەیاڵدا هەیە؟

**سەلاح محەمەد:** یەکێک لەوانە ئازادی کوڕی ئەحمەد دڵزارە، پێکەوە بووین، لەگەڵم لە قوتابخانە بوو.

**ڕامان:** لە پۆلی چەند تا چەند لەگەڵت بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە یەکی سەرەتاییەوە تا سێی ناوەندی بە یەکەوە بووین، لە سێی ناوەندی، کۆیە شپرزە بوو، ساڵی ١٩٦٣ ئەو ترس و تۆقاندن و کوشتوبڕە دەستی پێ کرد، قوتابخانە نەما، ئازاد لەگەڵ باوکی بوو، چوونە دەرێ، هەموو لێک دوور کەوتینەوە و لێک دابڕاین.

**ڕامان:** وەک بزانی م. بیلال بەهائەددین تەنیا بۆخۆی چووە شاخ، یان ماڵ و منداڵیشی بردە دەرێ؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوەی نازانم، بەڵام دەزانم خۆی ڕۆیی، ئازادی کوڕی لەگەڵمان بوو، ئەویش قوتابی بوو، قوتابییەکی زیرەک بوو، ژەنیارێکی باشی لێ دەرچوو، هەروەها م. جان تۆماس.

**ڕامان:** (م. جان تۆماس)یشتان لەگەڵ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لە تیپی باواجی لەگەڵمان بوو، ئەویش لە قوتابخانەی زانست بوو، لە قوتابخانەی ئولا لەگەڵمان نەبوو، م. وریا ئەحمەد و ئەوانە لە قوتابخانەی ئولا نەبوون، لە قوتابخانەی دیکە بوون، بەڵام دوایی

هەموومـان لـە تیپـی باواجـی یەکترمـان گرتـەوە.
**ڕامـان:** پێـش ئـەوەی لـە تیپـی باواجـی یـەک بگرنـەوە، دۆسـتایەتی و ئاشـنایەتیتان لەگـەڵ یەکـدی هەبـوو؟
**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، دۆسـتایەتیمان هەبـوو، یەکترمـان دەدیـت، م. جـان تۆمـاس لـە تیپـی تۆپانـێ (فۆتبۆڵێـن) یاریزانێکـی بـاش بـوو، منیش هـەر وا بـووم، زوو زوو (پێشـبڕکێ - موسـابەقە) مـان دەکـرد، ئـەو گەڕەکـە لەگـەڵ ئـەو گەڕەکـە یاریمـان دەکـرد، ئـەوان گەڕەکـی قـەڵات، ئێمـە گەڕەکـی بەفـری قەنـدی بوویـن، کـۆ دەبووینـەوە و دەچوویـن لـە گۆڕەپـان تۆپانێمـان دەکـرد، ئـەو شـتانەمان هەبـوو، بـەردەوام یەکترمـان دەدیـت.
**ڕامـان:** دیـارە لـەو قۆناغـەدا بیـری سیاسـەت و سیاسـەتکردن لـەلای تـۆدا نەبـووە؟
**سـەلاح محەمـەد:** ئێمـە ئـەو بیرەمـان لـەلا نەبـوو، چونکـە تـازە پێدەگەیشـتین، تەمەنـی مـن چـواردە پـازدە سـاڵ بـوو، بـەڵام زوو هەسـتمان بـە بوونـی شـۆڕش کـرد، کـە سـاڵی ١٩٦١ شـۆڕش دەسـتی پـێ کـرد، هەسـتمان کـرد ڕووداوێـک هەیـە، ئێمـە لـە کۆیـە بوویـن، ئـەو دەم پێشـمەرگە نەبـوو، گوتیـان کۆمەڵـە پەیـدا بـووە، ئێمـە بـە پێیـان چووینـە چنـارۆک، تەماشـامان کـرد ئـەو هەمـوو خەڵکـە لەوێـن، هەمـوو تفەنـگ و بڕنۆیـان پێیـە و جلـی کوردییـان لەبـەرە و (پووزەوانـە) بەلەکپێچییـان هەتـا ئەژنـۆ بەسـتووە، ئەوەمـان لـەلا سـەیر بـوو، زۆربەیـان کلێتەیـان لەسـەر دەنـا.
**ڕامان:** ئەو هەموو خەڵکە لە کوێوە هاتبوون؟
**سـەلاح محەمـەد:** بەتایبەتـی لـە بیتوێنـەوە هاتبـوون، ئەوانـە سـمایل ئاغـا، قـادر ئاغـا، عەبـاس ئاغـا، هەموویـان چەکیـان هەڵگرتبـوو.
**ڕامان:** چەکیان بۆ کۆمەڵە هەڵگرتبوو؟
**سـەلاح محەمـەد:** لـە پێشـەوە ناویـان کۆمەڵـە بـوو، دوایـی نـاوی لـێ نـرا پێشـمەرگە، بیسـتمان ناوەکەیـان گـۆڕاوە بـە پێشـمەرگە، بـەڵام سـەرەتا ناویـان کۆمەڵـە بـوو.
**ڕامان:** ئەوانـە کـە ناویـان کۆمەڵـە بـوو، حزبەکەیان نـاوی چ بوو؟
**سـەلاح محەمـەد:** ئێمـە نەماندەزانـی حزبایەتـی چۆنـە و چـی هەیـە و چـی نییـە، پێیـان دەگوتـن کۆمەڵـە، دەیانگـوت کۆمەڵـە پەیـدا بـووە.
**ڕامان:** هەموویان کوردی لای خۆمان بوون؟
**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، ئەوانـە هەموویـان کـوردی لای خۆمـان بـوون، یـەک لەوانـەی کـە لەگەڵیـان بـوو حەمـە بگـرەس بـوو، بـەڵام ئەوکاتـی مـام جـەلال و ئەوانـم لـەوێ نـەدی لەگەڵیـان بـن، لەوانەیـە ئـەوان لـە سـەرکردایەتی بووبـن، دوایـی کـە ١٩٦٣ هاتـن کۆیەشـیان گـرت، ئاخـر کۆیـە گیـرا، ئـەو کەسـانەی لـەوێ زۆر دیـار بـوون عەبدولڕەحمانـە ڕووتـە بـوو، کـە لەگەڵیـان بـوو، کەمـال محێدیـن کـە ئێسـتاش مـاوە، ئەوانـە وەک حزبایەتـی دیـار بـوون، دوایـی حکوومـەت هاتـەوە و کۆیـەی گرتـەوە و ئەوانـە ڕۆیشـتن، چوونـە دەرێ.
**ڕامـان:** دیـارە ئەوانـە هەموویـان سـەر بـە پارتـی بوون؟
**سەلاح محەمەد:** هەمووی پارتی بوون.